دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٨٨، شەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٥ی دێسامبری ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی «مستەفا هیجری» بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز**

کەمئەندامانی حیزب بە بەخشینی بەشێک لە لەشی خۆیان،
بەهایەکی قورسیان پێشکەش بە ئازادیی نیشتمان و گەلەکەیان کردووە، ئەوان شەهیدانی زیندووی ڕێگای خەباتن.
چرای ڕێگای دوارۆژی ڕزگاریی نەوەی داهاتوون.
لە ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی کەمئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، سڵاوی ڕێز و ئەمەگناسی پێشکەش بە ئەوان و هەموو کەمئەندامانی ڕێگای خەباتی کوردستان دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی




ڕێژیمی شێر و ڕێژیمی ڕێوی

٤



کۆماری ئیسلامی شەڕ دەکات یان نا؟

٦



دژبەرەکانی تاران سوورن لە سەر لاوازکردنی ئەو ڕێژیمە

٨



وتووێژی کوردستان

١٠

# ئەمنیەتی تێکرووخاو



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٧ی سەرماوەز لە ‹‹ئابسەرد››ی دەماوەند لە نزیک تاران ‹‹موحسێن فەخریزادە›› بەرپرسی ڕێکخراوی توێژینەوە و داهێنەری وەزارەتی بەرگریی ڕێژیمی ئێران و یەکێک لە کەسانی پلەبەرزی بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم کوژرا؛ کوژرانی ئەم مۆرە گرینگەی ڕێژیم لە بیاڤی ناوکی، کۆمەڵێک پرسیار و ئەگەر و گریمانەی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەگەرچی پاش کوژرانی ناوبراو بێ یەک و دو سەرانی ڕێژیم بێ هەبوونی هیچ بەڵگەیەک ڕایانگەیاند کە ئیسرائیل ئەم کارەی کردووە بەڵام ئەوەیکە گرینگە و پێویستە لێرەدا قامکی لەسەر دابنرێ ئەو ڕاستییەیە کە بە کوژرانی فەخریزادە جارێکی تر زامی سارێژنەبووی لەکیسچوونی قاسم سلێمانی ختەوە لەرزە و ئەو ئەمنیەتە وەهمی و خەیاڵییەی کە ساڵانێک هەوڵی دەدا بە پڕوپاگاندا و پارەی خەیاڵی و کوشتن و تیرۆر وەدەستی بێنێ هاوشێوەی تۆقڵە ئاوێک تەقییەوە و بوو بە گاڵتەجاڕی دەستی خەڵک.

دواتریش بۆ سەرپۆشدانان لەسەری هەر کام لە بەناو بەرپرسانی حکومەتی بە پەلەپڕووزەوە کە دیارە سەرچاوەگرتوو لە ڕۆحی نائارامیان بوو، کەوتنە گۆ و دژکردەوەیان نیشان دا کە لە هەندێ حاڵەتدا ئەم دەستەوەستانییەیان پێوە دیار بوو. جیا لە سەرلێشێواوی و ترس، تەنانەت بەرپرسانی ڕێژم نازانن کە فەخریزادە چۆن کوژراوە. هەرکام لە دەزگا و بەرپرسەکانی ڕێژیم چیرۆکێکیان باس کردوە، کە لەگەڵ چیرۆکی ئەوی دی نایەتەوە و ئەمە دەیسەلمێنێ کە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم نەك لە سەر بکوژەکە، بەڵکوو لەسەر چۆنیەتیی ڕووداوەکە و کوژرانی ئەو بەرپرسەی بەرنامە ناوکییەکەیان زانیاریان نیە و تێیدا ماونەتەوە.

‹‹عەلی خامنەیی›› ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، لە پەیامێکی کورتدا داوای سزادانی توندی بکەران و بڕیاردەرانی ئەو ڕووداوەی کرد، بەڵام ناوبراو هیچ ئاماژەیەکی بە ڕۆڵی ئیسرائیل نەکرد.

‹‹حەسەن ڕووحانی›› سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی شەممە ٨ی سەرماوەز، کوژرانی ‹‹موحسێن فەخریزادە››ی بە داوی پیلانی ئیسرائیل بۆ ئاژاوەنانەوە ناو برد و باسی لەوە کرد کە ئێران لە کاتی گونجاو وڵامی ئەم کردەوە دەداتەوە.

ئەم هەڕەشە و گوڕەشانە لە کاتێکدا دێنە سەر زار کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران وتوویەتی ئێمە چەند مانگ پێش و تەنانەت چەند ڕۆژ پێش کوژرانی «فەخریزادە»، هۆشداریمان دابووە پارێزەرانی.

لەو پێوەندییەدا «عەلی ڕەبیعی» وتەبێژی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران باسی لەوە کردووە کە تەنانەت شوێنی ڕووداوەکەش بە پارێزەرانی «فەخریزادە» دراوە.

کوژرانی کارناسە ئەتۆمییەکانی ڕێژیم لە حاڵێکدایە کە پێشتر «محەممەد حوسێن کازمی» جێگری حفازەتی سپای پاسداران وتبووی لەو کاتەوە پاراستنی گیانی زانا ئەتۆمییەکانمان دراوەتە دەستی ئیتلاعاتی سپا، مەترسی لەسەر گیانیان نەماوە.

ئەم کاربەدەستەی ڕێژیم باسی لەوە کردووە کە «فەخریزادە» پێشتر لەلایەن سەرکۆماری ڕێژیمەوە بەبۆنەی ڕۆڵ و کاریگەریی ناوبراو لە بردنەپێشی چالاکییە ناوکییەکانی خەڵات کراوە بەڵام ئەو کارە بە بێدەنگی بووە.

لەلایەکی دیکەوە «عەلی شەمخانی» سەرۆکی شورای باڵا ئەمنییەتی ڕێژیم لە ڕێوڕەسمی ناشتنی «فەخریزادە»دا وتوویەتی کە پێشتریش چەندین جار هەوڵی کوژرانی «فەخریزادە» دراوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوونە.

هاوکات ‹‹موحسێن ڕەزایی›› سەرۆکی کۆڕی گشتیی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم لە پەیامێک بۆ ‹‹حەسەن ڕووحانی›› وتوویەتی: ‹‹درێژەی ئەم هەوڵانە دەرخەری لاوازی و بێهێزیی دەزگای ئیتلاعاتیی ئێرانە و دەبێ چارەیەک بۆ ئەمە لەبەرچاو بگیرێت››.

‹‹حوسێن دێهقان›› ڕاوێژکاری نیزامیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران وتوویەتی: ‹‹هۆکاری تیرۆری موحسێن فەخریزادە، ڕخنە و دزەی ئەمنییەتی بووە و بەرپرسان دەبێ لەبەرامبەر کەمتەرخەمی و گوێنەدانی پارێزەرانی وڵامدەر بن››.

هەروەها ‹‹حوسێن عەلایی›› فەرماندەی پێشووی سپای پاسداران بەنیسبەت ئەم ڕخنە ئەمنییەتییە جەختی کردەوە کە ئیسرائیل زیاتر لە ١٠ ساڵە لە نێوخۆی ئێران عەمەلیات بەڕێوە دەبات کە یەک لەوان تیرۆری زانایانی ئێرانە.

ناوبراوی وتبووی: ‹‹پێکهاتەی عەمەلیاتی ئیسرائیل لە ئێران زۆر پێشکەوتووە و پشتگەرم بە زانیاریی وردە››.

لەو پێوەندییەدا ڕۆژنامەی ‹‹ئورشەلیم پۆست›› کوژرانی ‹‹موحسین فەخریزادە››ی بە مایەی شەرمێکی گەورە بۆ ڕێژیمی ئێران وەسف کردووە.

ئەم ڕۆژنامەیە نووسیویەتی، ڕێژیمی ئێران شەرمەزارە، کوژرانی فەخریزادە لە مانگێکدا ڕوویدا کە کەسی دووەمی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە تاران کوژرا و نیشانی دا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ناتوانێت ئەمنیەتی هیچ کەس دابین بکات.

ئەم چەشنە لێدوانانەی سەرانی ڕێژیم هاوکات بوو لەگەڵ داواکارییەکی سەیر لە خەڵکانی ئێران کە مۆری تەئیدی لە ئەو وتەیە دا کە دەڵێ: ئەمنیەتی ڕێژیم پووشاڵییە! دەزگا ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم بە ناردنی SMS بۆ ژمارە مۆبایلی خەڵک داوایان لێکردوون کە هەر چەشنە زانیارییەکیان هەیە لەسەر بکەران و بکوژانی فەخریزادە ئاگاداریان بکەنەوە!

هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژی دووشەممە ١٠ی سەرماوەز، ڕادیۆ «پەیام»ی ئیسرائیل لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی قەیرانی ئەمنییەتیی ڕێژیمی ئێران وتبووی کە ‹‹موجتەبا خامنەیی›› فەرمانی بە وەزیری ئیتلاعات، فەرماندەی سپای پاسداران و فەرماندەی لقی ئیتلاعاتی و ئەمنییەتیی سپای پاسداران داوە هەتا ڕێژەی وەفادارییی مەئمووران بە ڕێژیم بە وردی تاوتوێ بکرێت.

ئامانجی ڕێژیم لەم کارە ئەوەیە هەتا دیاری بکرێت کە چ کەسانێک لەگەڵ سرویسە ئەمنییەکانی وڵاتانی بیانی لە پێوەندیدان و کامیان لە کاروباری ئابووری و بازرگانی لە تەنیشت ئەرکە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان چالاکن.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕادیۆ «پەیام»ی ئیسرائیل یەکێک لە فەرمانەکان ئەوەیە کە هەموو کەسانی گومانلێکراو، بە ئامێری درۆدیتنەوە تاقی بکرێنەوە.

هەر لەمبارەوە ڕۆژنامەی «وال ستریت ژورناڵ» لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە، سیخورەکان لە ئێراندا بە ئاسانی بۆ لای سازمانە سیخوڕییەکانی بیانی ڕادەکێشرێن.

ئەو ڕۆژنامەیە بڵاوی کردووەتەوە سەرەڕای ئەوەیکە ڕێژیمی تاران هەر کەسێکی سڤیل ڕەگەزنامەی ئێران و بیانیی هەبێت بە سیخوڕیی تاوانبار دەکات بەڵام دەستوپێوەندییەکانی ئامریکا و ئیسرائیل لە ئێراندا دزەیان کردووە.

بەگشتی ئەوەیکە ئێستە لە نێو سەرانی ڕێژیمدا بوونی هەیە چەشنێک لە سەرلێشێواوی، بێهێوایی بە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ترس لە سێبەری خۆیشیانە و ئەو هەستەی کە هەوڵیان دەدا بە زەبری چەک بەسەر خەڵکدا بیسەپێنن کە لە هەموو کون و قوژبنێکدا بوونمان هەیە و ئاگاداری کاروکردارتانین ئێستە لە ناخی ئاڵۆزی خۆیاندا بەدی دەکرێت.

## پەیڤ

## دابڕان، پێکەوەبوون، توانەوە

**کەریم پەرویزی**

دە ساڵ دوای یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویدا و چواردە ساڵ پێش ئێستا، لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاویدا، جارێکیتر دابڕانێك لە ڕیزەکانی ئەم حیزبە خاوەن ئەزموون و خەباتکارەدا ڕووی دایەوە و نیگەرانیی زۆری لای دۆست و لایەنگر و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات و خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێك هێنا. بەخۆشیەوە، باس و دیالۆگ و کەشی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزی تێکۆشەران و یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ئێستادا گەرموگوڕتر هاتۆتەوە ئاراوە و هەموو خوازیاری ئەوەن کە هەرچی زووتر ئەو مزگێنییە بدرێ کە دووبارە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات لە پەنای یەکن و سارێژی برینەکانی ڕابردوو دەکرێتەوە.

لە مێژووی سێ چارەکە سەدەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، چەندین جار دابڕان لە ڕیزەکان ڕووی داوە و دووبارە ڕیزەکانی تێکۆشەران وەسەریەك خراونەتەوە و ئەمە ئەو بابەتە ڕوونەمان پێ دەڵێ کە دێموکراتبوون بۆتە پێناسەیەك کە لە ڕەوتێکی خەبات و تێکۆشان و گیانفیدایی مێژووییدا بۆ ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە ماوەتەوە و هەرجۆرە دابڕانێکی تەشکیلاتی نەبۆتە هۆی پشتگوێخستنی ناسنامە و دابڕانی پێناسە و بۆیەشە دووبارە باس لە یەکگرتنەوە دەکرێتەوە و دووبارە بە پێشوازیی یەکگرتنەوە دەچینەوە.

بەڵام دەبێ ئەوەمان لا گرنگ بێ کە چۆن دەڕوانینە یەکگرتنەوە؟ ئایا کاتێك باس لە یەکگرتنەوە چ لە حیزبی دێموکراتدا و چ یەکگرتوویی لە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی کورد بە گشتی و یەکگرتوویی حیزبە کوردییەکان دەکەین، یەکگرتنەوە لای ئێمە بریتییە لە چی؟ ئایا بۆ یەکگرتووبوون پێویستە بتوێینەوە و دووبارە شکڵ بدرێینەوە و لەڕاستیدا یەکگرتووبوون بەمانای توانەوەی ڕەنگ و سەلیقە و سیماکانمان دێ و کاتێك یەکگرتووبوون بە تەواو دەزانین کە توانەوە هاتبێتە ئاراوە؟

لە ڕوانگەیەکی وەهاوە کە باس لە یەکگرتوویی کورد بکەین و بمانهەوێ هەموومان وەکوو یەك بیر بکەینەوە و هەموومان یەك سیما و یەك ڕەنگمان هەبێ، ئەگەر ئیمکانی هەبێ، ئەوە تەنیا فاشیزمی لێ دەکەوێتەوە بەڵام نە ئیمکانی هەیە و نە بە ئاکاممان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# «مستەفا هیجری» بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر پەیامێکی بڵاو کردەوە




لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

توندوتیژی دژی ژنان، مێژوویەکی دوورودرێژی پڕ شەرمەزاریی هەیە، ناسۆرێکە لە پەیکەری مرۆڤایەتی بە دەستی مرۆڤ.

با هەموو کات بیر لە ڕۆژەڕەشیی قوربانییانی دەستی تاریکبیریی سەدە کۆنەکان بکەینەوە کە تەنیا تاوانیان ژنبوونە. با یارمەتیدەر بین بۆ ڕزگاربوونیان و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٠ی زایینی**

# راگەیەندراوی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## بەبۆنەی١٦ی سەرماوەز رۆژی کەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان

کادر و پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بۆ گەیشتن بەماف و ئازادی و دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و ڕووداو و کارەساتی دڵتەزێنی لە لاپەڕەکانی خۆیدا تۆمارکردووە. دەرێژەی ئەو خەبات و خۆڕاگرییە کە لە ئیرادەی بەهێزی نەتەوەیەکی لە ماف بێبەشکراوی وەک نەتەوەی کوردە و سەرچاوەی گرتووە، هەم شانازی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و هەم قوربانی زۆر گەورەی لەو پێناوەدا بەخشیوە و لە راستیدا ئەم مێژووە بەخوێنی ڕۆڵە فیداکار و خۆبەختکەرانی ئەم نەتەوەیە نەخشاوە و ئێستاشی لەگەڵدابێ خوێن لەهەموو جەستەی ئەم بزووتنەوەیە دەچۆڕێ کە ئەو ئازیزانە کە کاروانی شەهیدانی خەباتە رەواکەمان پێکدێنی، بۆ دەرێژەدانی ڕێبازیان بۆ ئێمە بوتە سەمبول وسەرمەشقی ژیان و مەرگی سەربەرزانە. لە ڕەوتی فیداکاری نواندن لەپێناو ئازادی و مافی نەتەوایەتی نەتەوەکەماندا کەم نین ئەو تێکوشەرانەش کە ئەگەرچی لە ژیاندا ماوەن بەڵام لە شێوی جۆراجۆردا کەوتوونە بەر تیری تێرۆری جەنایەتکارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یا بوونەتە قوربانی مینی چێنراوی ڕێژیم یا لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێز و هێرشی دووژمندا ئەندامێک یا چەند ئەندامێکی جەستەیان لە دەستداوە و لەگەڵ ژیانێکی تاڵ و پڕ ئازار بەرەوڕوو کراون. بەمحاڵەش بە کەم ئەندامی دەرێژە نەک هەر بەژیان بەڵکوو درێژە بە خەباتیشیان داوە کە جێگای ڕێزلێگرتن و ئەمەگناسی دەربڕینمانن و لەڕاستیدا بە جێهێنانی ئەرکێکی نەتەویی و نیشتمانی نەک هەر بۆ هاوبیران و هاوسەنگەرانیان بەڵکوو ئەرکی هەرتاکێکی کوردپەروەر و کوردستان خۆشەویستە. لەپێناو ئەو ئەمەگناسییە دایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا رۆژی١٦ی سەرماوەزی وەک رۆژی کەم ئەندامانی حیزب دەست نیشان کردووە.

لەم رۆژەدا لە ساڵی١٣٦٦ی هەتاوی دا هاوڕێی تێکۆشەر ئەندامی ڕێبەری حیزبەکەمان کاک حەسەن شیوەسەڵی بە پیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر و لەچەند ئەندامی هەستیاری جەستەی بێبەش کرا. دیاریکردنی رۆژێک بەناوی کەم ئەندامانی حیزب گۆشەیەکی بچووکی ئەو ئەرکەیە کە بەرانبەر بە کەم ئەندامانی حیزب لە سەرشانمانە. ئەرکێک کە نابێ و ناشێ هەر لەوەندەدا بەرتەسک بکرێتەوە بەڵکوو زۆربەی لایەنەکانی ئەو ئەرکە ئینسانی، ئەخلاقی، نەتەوەیی و نیشتمانییە دەگرێتەوە. با ئەو ئەرکە هەم لە ڕەوتی خەباتدا بەرانبەر بە کەمئەندامان بەجێ بێنین و بە تایبەت لە سەرکەوتن و بەئاوات گەیشتن دا بە جۆرێک بەجێهێنەری ئەو ئەرکە بین کە شایانی ئەم ڕۆڵە فیداکار و تێکۆشەرانە بێ. چوونکە ئازارێک کە ئەم ئازیزانە لە کەم ئەندام بوون دەیچێژن و ئەم ژیانە کە بە کەم ئەندامی تێپەڕی دەکەن زەحمەتە کەس بتوانێ وەک خۆیان هەستی پێ بکا، بەو حاڵەش بە شانازییەوە سەیری ئەندامانی لە دەست چوویان دەکەن و نایکەنە منەت بەسەر هیچ کەس و لایەنێکەوە. هاوسەنگەران، هاوڕێیانی کەم ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبەکەتان و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەتان شانازیتان پێوە دەکەن و لەئاست ورەبەرزی و باوەڕی قووڵتان بەخەبات و خۆڕاگری دا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنن. شەهیدان کە گیانیان بەخشیوە و ئێوە کە ئەندامانی جەستەتان لەپێناو ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا لەدەست داوە بۆ ئێمە و هاوڕێیانتان نموونەی فیداکاری و باوەڕمەندین. هیواداریین بە سەرکەوتن و بە ئاوات گەیشتن کە چی دیکە نە ئازیزانمان لە دەست بدەین و نە تێکۆشەرانمان لەگەڵ کەم ئەندامی بە ڕەوڕووبن.

بە هیوای وەدیهاتنی ئەو ئاواتە

**حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

رۆژی سێشەممە رێکەوتی ١١ سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەشێوەی ئانلاین کۆبوونەوەیەکیان بەڕێوە برد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بە بەشداریی بەرپرسانی یەکەمی هەر چوار حیزبی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری بەڕێوە چوو، چەند پرس و بابەتی جۆراوجۆر لەبارەی کاروباری سیاسی، پێوەندی و ڕۆتینی ناوەندەوە قسە و باسیان لەسەر کرا. یەکێك لە تەوەرەکانی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەکە بابەتی کار و چالاکیی ناوەندی هاوکاری بوو لە بواری پێوەندیی نێودەوڵەتی کە لایەنەکان هاوڕا بوون لەسەر کاراترکردنی ئەو پێوەندییانە و دۆزینەوەی میکانزیمی گونجاو بۆ بردنە پێشی کاروباری پێوەندییەکان لە هەلومەرجە نەخوازراوەکانی وەک بارودۆخی کۆڕۆنادا.

چەندی و چۆنیی کار و پێوەندیی ناوەندی هاوکاریی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یەکێکی دیکە لە باسە سەرەکییەکانی ئەم کۆبوونەوە بوو کە بەشداران تێبینی و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە خستە ڕوو هەتا ناوەندی هاوکاری بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بە یەکدەنگی و هاوڕایی زیاترەوە وەک نوێنەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکەوێتە دانوستانەوە یان هاوپەیمانییان لەگەڵ پێک بێنێت.

کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پاش نزیکەی سێ کاتژمێر قسە و باس لەسەر چەندین مژاری کاریی پەیوەندیدار بە ناوەند، کۆتایی پێهات.

# کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەیی بە بەشداریی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەڕێوە چوو

کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەیی، لەلایەن یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانەوە بەڕێوە چوو.

رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢ی سەرماوەز کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەیی بە بەشداریی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان، لە ڕێگای ئانلاینەوە دەستی بە کارەکانی کرد و ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆتایی بە کۆبوونەوەکەی هێنا.

لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات بەشداریی لە کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەییدا کرد و ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەمەڕ کێشە و بارگرژییە نێوخۆییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەیاندە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە.

ناوبراو لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «کاتێک کە هاوکێشەکانی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خەریکی ململانێن و بارودۆخێکی هەستیار لە ناوچەکەدا هەیە، پێشبینی دەکرێت لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەک لەو وڵاتانەی کە کورد تێیدا نیشتەجێیە، کۆمەڵێک هەڕەشە یان دەرفەت بێنە ئاراوە.

لە وەها دۆخێکدا، تەنیا ڕێگایەک کە دەتوانێت بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان و نەتەوەی کورد لە مەترسییەکان بپارێزێت و لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرێت، یەکرێزی و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستانە».

«قادری» لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد: «سەبارەت بەو بارگرژییەی کە ئێستا لەنێوان دوو لایەنی بزووتنەوەی کوردستاندا هاتووە ئاراوە، لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم دۆخە پاشخانێکی درێژخایەنی هەیە و دەرەنجامی زێهنییەتێکی ناتەندروست بەرانبەر بە یەکترە کە لە دژی یەکتر بەکاری دێنن. بۆیە قامک دانان لەسەر کێشەکان و دەستنیشانکردنی زێهنیەتی لایەنەکان بەرانبەر بە یەکتر، تەنیا کارێکە کە دەتوانێت پێشگیری لە هەر چەشنە دۆخی نەخوازراو بکات».

ناوبراو جەختی کردەوە: «لای هەموومان ڕوونە کە دووبەرەکیی نێوخۆیی و شەڕی بەرژەوەندیی حیزبایەتی، وەک ژەهرێکە کە کورد و جووڵانەوەکەی بەرەو لەنێوچوون دەبات.


بۆیە هەر لایەنێک دەسپێشخەری ئەم بابەتە بکا،ت لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕەت دەکرێتەوە.»

«محەممەدساڵح قادری» لە درێژەی قسەکانیدا لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پێداگریی لەسەر ئەمە کرد: «هەموو لایەنەکان بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هەروەها هەستیاریی دۆخەکە و تایبەتمەندیی بەشەکانی کوردستان لەبەرچاو بگرن».

لە دوابڕگەی کاری کۆنفرانسدا، نوێنەری حیزبی دێموکرات وێڕای چەندین لایەنی دیکە پێشنیاری کرد کە:

- دەسبەجێ شەڕی میدیایی لایەنەکان لە دژی یەکتر ڕابگیرێت.
- لێژنەیەکی هاوبەش بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی دیالۆگی نێوان لایەنە ناکۆکەکان پێک بێت.
- سنوورێک بۆ دەستێوەردان لە کاروباری یەکتر دیاری بکرێت و ڕێز لە تایبەتمەندیی بزووتنەوەی هەر کام لە بەشەکان بگیردرێت.

# ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ترسی خەباتی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، پاڕازیت دەخاتە سەر تێلێڤیزیۆنی تیشک




بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا»، لە شارەکانی کوردستان و بەتایبەت لە شاری مەریوان پاڕازیت خراوەتە سەر فرێکانسی تیشک تی ڤی. هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا باسی لەوە کرد کە هەموو کاناڵەکان جیا لەو کاناڵانەی کە فرێکانسیان لەگەڵ تێلێفزیۆنی تیشک هاوبەشە، پەخشی ئاسایی خۆیان هەیە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ترسی خەباتی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات، گوشارەکانی بۆ سەر خەڵکی کوردستان چڕتر کردووەتەوە.

# یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەی ١٠ی خۆی دەبەستێت

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی دەیەمی خۆی ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە بەم چەشنەیە:

کوردستانییانی ئازیز!

لاوانی شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی نیشتمان!

ڕێکخراوەکانی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان!

ئێمە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یادگاری قوتابخانەی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کۆمار تا ئەمڕۆ و لە مێژووی ٧٥ ساڵەی تەمەنماندا بەردەوام هەوڵمان داوە وەفاداری ڕێگا و ڕێبازی دامەزرێنەرانمان بین و وەک توێژێکی زیندوو و خاوەن پۆتانسییەلی کۆمەڵگەکەمان بەشێک بین لە خەبات و جووڵانەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان، لاوان توێژێکی خاوەن هەڵوێست و نوێخوازی وڵاتەکەمانن کە دەبێ ئەو توانایی و هێزەیان لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی دێموکراتیک و نەتەوەخوازدا تەیار بکرێت و ئێمە لە یەکیەتیی لاواندا ئەو شانازییەمان هەیە بەشێک بین لەو چوارچێوە دێموکرات و نەتەوەییە.

یەکیەتیی لاوان لە سۆنگەی باوەڕمەندی بە بنەما و پرەنسیپە دێموکراتیک و ڕێکخراوەییەکان بەردەوام کۆنگرەی خۆی لە ڕاستای نوێبوونەوە و بەهێزترکردنی خۆیدا گرتووە و هەنووکەش لەژێر ناوی «کۆنگرەی لاوان گرێدەری خەباتی شاخ و شار» و بە دروشمی «لاوانی یەکگرتوو هێزی سەرکەوتوو» یەکیەتیی لاوان بەرەو کۆنگرەی ١٠ی ڕێکخراوەیی هەنگاو دەنێت، ئێمە لە یەکیەتیی لاوان لەو ڕاستایەدا لە هەموو تاک و کەسایەتییە نەتەوەیی و دێموکرات و دڵسۆزانی کورد و کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوە و هاوکات سەرجەم ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان لە چوارپارچەی کوردستان دەخوازین کە تێبینی و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆیان لە ڕاستای دەوڵەمەنترکردنی کۆنگرەکەمان بنێرن تاوەکوو پێکەوە بەرەو بەشدارییەکی بەتواناتر و چالاکانەتری لاوان لە خەباتی نەتەوەکەماندا هەنگاو بنێین.

**بە سپاسەوە**
**کومێتەی ئامادەکاریی دەیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئیران**

# شاندی «کەنەکە» سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد



شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) سەردانی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی، شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) بە سەرپەرەستیی «ئەحمەد قەرەمووسی»، هاوسەرۆکی کەنەکە سەردانی بنکەی سەرەکیی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن هەیئەتێک بە سەرپەرەستیی «محەممەد نەزیف قادری»، بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان و جێگری دووەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا.

لە سەرەتای ئەو دیدارەدا «محەممەد نەزیف قادری» بەخێرهاتنی گەرمی شاندی میوانی کرد.

پاشان «ئەحمەد قەرەمووسی» وێڕای سپاسی پێشوازیی گەرمی شاندی حیزب و بەرزنرخاندنی ڕۆڵ و پێگە و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات، باسێکی کورتی لەسەر ئامانجی سەردانی شاندی کەنەکە پێشکەش کرد.

«قەرەمووسی» وێڕای شرۆڤەی ئاڵۆزی و هەڕەشەکان بۆ سەر کورد لە کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا، دوایین گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و هێزەکانی باشووری کوردستانی تاوتوێ کرد و بەردەوامبوونی ئەو ڕەوتەی بە هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکیەتیی نەتەوەیی کورد و سەروەریی خاکی کوردستان زانی و لەو پێوەندییەدا بە وردی باسی لە هەنگاوەکانی کەنەکە بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و بانگهێشتکردنی لایەنەکان بۆ پشتگیری لە چارەسەری کێشەکە کرد.

ناوبراو هەروەها داوای لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد وەکوو حیزبێکی خاوەن پێگە و قورسایی و هەڵوێستی نەتەوەیی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا ڕۆڵی خۆی بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و پێکهێنانی بەستێنی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشە و ئاڵۆزییەکان بگێڕێت.

لە درێژەدا «محەممەد نەزیف قادری» وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد و هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانی کوردستان، ڕایگەیاند حیزبی دێموکرات هەمیشە و لە هەموو قۆناغەکاندا سەرەڕای باوەڕ بە جیاوازیی هەلومەرجی خەبات لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، پاڵپشتیی لە یەکیەتیی نەتەوەیی و پابەندبوونی هەموو لایەنەکان بە پرەنسیپی یەکڕیزی و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد کردووە و لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی نێوان هێزە سیاسییە خەباتگێڕەکانی باکوور و باشووری کوردستانیشدا، بەردەوام لە هەوڵدا بووە بۆ ئەوەی کە هەموو لایەنەکان بەرەو هەڵبژاردنی ڕێکاری دیالۆگ و ڕێزگرتنی بەرانبەر و قەبوولکردنی یەکترهان بدات.

«قادری» لە کۆتاییشدا ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ هەڵگرتنی هەر جۆرە هەنگاوێک لە پێناوی دەستەبەرکردنی یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان و جێگیرکردنی پرەنسیپی دیالۆگ لە هاوکێشە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا دووپات کردەوە.

شاندی هەر دوو لا لە کۆتاییدا جەختیان لەسەر پێویستیی بەردەوامبوونی هاوکاری و هاوخەباتیی زیاتری نێوان هەموو لایەنەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و یەکڕیزی نێوان پێکهاتەکان و هێزە خەباتگێڕەکانی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان کردەوە.

# پەیامی سەرەخۆشیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی «بەهائەدین نووری»

دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین و سیمای ناسراوی سیاسیی عێراق و کوردستان «بەهائەدین نووری» پەیامێکی هاوخەمی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

پەیامی هاودەردی و سەرەخۆشی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەمڕۆ سێشەممە، هەواڵی کۆچی دوایی بەڕێز «بەهائەدین نووری»، تێکۆشەری دێرینی کورد و سیمای ناسراوی سیاسیی عێراق و کوردستان و داکۆکیکارێکی شێلگیری بزووتنەوەی ئازادیخوازیی و مافخوازیی گەلانی عێراق و سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعیی عێراقمان لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا پێ گەیشت.

بەم بۆنەوە هاوخەمیمان لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرز و خەباتگێڕیان و هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی ڕۆژە سەختەکانی خەباتی شار و شاخی ئەم کەسایەتییە تێکۆشەرە دەردەبڕین وهاودەردەی و سەرەخۆشییان لێ دەکەین.

کاک بەهائەدین نووری جگە لە هاوخەباتیی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و کورد، پێوەندییەکی گەرموگوڕیشی لەگەڵ هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەش هەبوو و یەکێک لە دۆستانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆستێکی دێرین و بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرانی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی و ڕێبەرانی حیزب بووە.

کاک بەهائەدین نووری لە ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان لە کاتی ڕوودانی شەڕی دڵتەزێنی نێوخۆیی لە هەرێمی کوردستاندا بێوچان هەوڵی دڵسۆزانەی دەدا و پێوەندیی بەردەوامی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بۆ کۆتاییهێنان بە ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە هەبوو کە بە خۆشییەوە بە هەوڵی دۆستان ئەو شەڕە کۆتایی پێهات.

کاک بەهائەدین نووری ساڵی ١٩٥٣ی زایینی لەلایەن دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق دەسبەسەر و زیندانی کرا و ساڵی ١٩٩٤یش بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی کوردستانی دامەزراند و لەو ڕێگەشەوە خزمەتی بە ئامانجەکانی گەلی کورد کرد.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵە و دۆستانی ئەم خەباتگێڕە نەمرە دەکەین.

**ڕۆحی شاد بێ**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**
**١١ی سەرماوەزی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**١ی دێسامبری ٢٠٢٠ی زایینی**

# چالاکی تەبلیغی تێکۆشەرانی دێموکرات لە مەتەرێزی شار



لە مانگی سەرماوەزدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ڕێکەوتی ٢ی سەرماوەز، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان لە مانگی هەڵکردنی ئاڵا و ناوی پێشمەرگەدا، لە «کێوەڕەش» و کێوی «ناڵەشکێنە» بە دروشمی حیزبی و ئاڵای کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
هەروەها تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە تەنگیسەر بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکرات یادی ڕۆژی پێشمەرگەیان بەرز ڕاگرت.
هەر بەم بۆنەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری «ئاودانان» سەر بە پارێزگای ئیلام چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەو چالاکییە لەلایەن هێزی «زاگرۆس» لە شاری «سراوباغ» بەڕێوە چووە.
لەو چالاکییەدا تێکۆشەرانی دێموکرات سەرەڕای دروشمی شۆڕشگێڕانە تەقەی خۆشییان کردووە و پشتیوانییان لە حیزبی دێموکرات دەربڕیوە.
ڕۆڵە تیکۆشەرەکانی دێموکرات لە گوندی ‹‹ڕەحیم خان›› سەر بە شاری بۆکان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، بە هەڵکردنی سروودی شۆڕشگێڕانە و بڵاوکردنەوەی نووسراوەی حیزبی، یادی ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت.
هەروەها ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لە پەیامێکدا ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە بڕیارێکی حیزبی دەربڕی.
هاوکات ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە گوندی ‹‹وزمەڵێ›› سەر بە شاری سەقز بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی حیزبی دێموکرات و هەروەها بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کراوە.

# زاگرۆسانە لە مەتەرێزی پێشمەرگە بەڕێوە چوو














پێشمەرگەکانی کوردستان لە مەتەرێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی پیرۆزی بەرووچاندن بە دەم بانگەوازی زاگرۆسانی ڕۆژهەڵاتەوە چوون.

پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەنگەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵمەتی بەرینی زاگرۆسانە، لە چیاکانی کوردستان بەڕوویان چاند.

ئەوان پشتیوانیی خۆیان لەو هەڵمەتە پیرۆزە بۆ بووژاندنەوەی ژینگەی نیشتمان دەربڕیوە و داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە کە پارەزێری ژینگە بن و بۆ بووژاندنەوەی سروشت هاوتەریب بن لەگەڵ هەڵمەتە ژینگەییەکان.

یەکێک لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەڵێت: «ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە هەر جێگایەک دارستانێکی سووتاند یان دارێکی بڕی، ئێوە نەمامێک بچێنن».

هەڵمەتی زاگرۆسانە ماوەی ٣ ساڵە لەلایەن ڕێکخراوە ژینگەیی و شاخەوانی و مەدەنییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بە دەستپێشخەریی ئەنجومەنی سەوزی چیا پاش شەهیدکرانی شەهیدان «شەریف باجوەر» و «ئومید کۆنەپۆشی» بەڕێوە دەچێت و لە ئەمساڵدا بە شێوەی بەرینتر بەڕێوە چوو.

## درێژەی پەیڤ


دەگەیەنێ؛ بەڵکوو وەها بیرکردنەوەیەك نەك ئیمكانی نییە بەڵكوو تەنیا و تەنیا دابڕانی دیکە و پەرتەوازەیی کوردی بەدوادا دێ.

لە دوای ئەم هەموو ئەزموونانەی کە کورد بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بەتایبەتی کردوویانە، ئێمە پێویستە جۆرێکی دیکە لە یەکگرتوویی بڕوانین، کە مانای توانەوە و دابڕانی دیکەی لێ شین نەبێتەوە بەڵکوو پێویستە کە یەکگرتوویی ببێ بەو مانایە کە بەدەوری یەك کۆمان دەکاتەوە و پێکەوەبوونمان لێ دروست دەکا.

لە نێو حیزبێکی یەکگرتووی دێموکراتدا پێکەوەبوون یانی بە پاراستنی ڕای کەسی و تایبەتی خۆمان، بەڵام لە پێناوی بەرژەوەندییەکی باڵاتردا، بە پێبەندی بە بەڵێنەکانمان و دەروەستیمان بەرامبەر بە ڕێککەوتن و یاسامەندیی خۆکردمان، هێزێکی گەورەتر دروست دەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەیەکی ستەملێکراو و لەسەرپێ. ئامانجی سەرەکیمان بەهێزکردنی خەباتی گەل دژ بە کۆلۆنیالیزم بێ.

لە سەر سێ ڕێیانی دابڕان، پێکەوەبوون و توانەوەدا، ڕاستەڕێی پێکەوەبوون، هەم بەرژەوەندیی باڵامان دابین دەکا و هەم کەسایەتیی تاك و مێژوویشمان بەهێزتر دەکا و هێزی خەباتمان بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکەر زیاتر دەکا.

# ڕێژیمی شێر و ڕێژیمی ڕێوی




**جاقل**

کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران وەک ڕێژیمێکی توتالیتێر و ئیدئۆلۆژیکی سەرەڕۆ لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیار و نادیاردا لەگەڵ خەڵکی نێو جوغرافیای ئێران و وڵاتانی ناوچە و هەندێ لە زلهێزانی جیهانی جێی گرتووە . ئەم ڕێژیمە بە هەموو دروشمە توندئاژۆکانی و کردەوە قیزەونەکانی هەتا ئەم کاتە توانیویەتی خۆی لە ڕوخانی یەکجاری بپارێزێ .

ئەم خۆپاراستن لە ڕوخانە بە مانای توانایی ڕێژیم نەبووە بەڵکوو بە چەندین هۆکار بووە کە لێرەدا و زۆر بە کورتی ئاماژە بە چەند دانەیێکیان دەکەین.

لە ناوخۆی ئێراندا خەڵکانی ناڕازی و شۆڕشگێڕ نەیانتوانیوە بە یەکگرتوییەکی تۆکمە بگەن و ببنە ئاڵترناتیوێک بۆ جێگرتنەوەی کۆماری ئیسلامی. لە ئاستی ناوچەییدا جیاوازی بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەیی و وڵاتانی زلهێز بە نیسبەت مان و نەمانی کۆماری ئیسلامییەوە شتێکی بەرچاوە . وڵاتانی ناوچەییش لە ناتەباییدا بەرانبەر بە یەک هەنگاو هەڵدەگرن و هەندێ وڵات و گروپ بە هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی ئێران ناوچەکەیان کردووەتە گۆڕەپانی تیرۆر و خوێنڕشتن و بە دنەدانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هیچ کردەوەیەکی دڕندانە سڵ ناکەن. بە نیسبەت زلهێزانی جیهانیش کە ئێران بە شێوەی ئاشکرا دژایەتی ئەمریکا دەکات بەرانبەر بە ئێران هەڵوێستێکی جیددیان نییە. ئەوان بە قسەی خۆیان کار بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران دەکەن نەک بۆ ڕوخانی! وڵاتانی چین و ڕوسیا و هەندێ وڵاتی ئەورووپاییش کە ئاگری شەڕ و نەهامەتییەکانی ئێران نایانگرێتەوە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێران لە پێش چاو دەگرن و تەنانەت لە کاتە هەستیارە سیاسییەکاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان پشتی ئێران چۆڵ ناکەن. لە ناو ئەم پاڕادۆکسە بەرچاوانەدا ئێران دەرفەتەکان بە قازانجی مانەوەی خۆی دەقۆزێتەوە و ماکیاوێللی گوتەنی: تاوێک دەبێت بە شێر و زۆربەی کاتەکان وەک ڕێوی پێش بە مەرگی خۆی دەگرێ. بەڵام داخۆ ئەم ڕەوتە دەتوانێ بۆ هەتاهەتا بەردەوام بێ؟ و هەلومەرجە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان دەتوانن هەتا سەر یاریدەدەر بن بە مانەوەی کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران؟

وڵامی ئەو پرسیارە بێ هیچ گومانێک «نا» یە . چون زبڵدانی مێژوو پڕە لە سەرکردە دیکتاتۆرەکان کە سەردەمانێکی زۆر یان کەم پەلیان ڕاداوە و بە دەمامکی هێز و توانا خەڵکی خۆیان و خەڵکانی دور و نیزیکیان لە جەستەی پوچ و بەتاڵی خۆیان ترساندووە. ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکی ئێران لە سەرەتای دامەزرانییەوە مان و مەوجودیەتی خۆی لە مەرگ و لەناوبردنی هەندێ لایەن یان وڵاتدا دیتووەتەوە. ئەم ڕێژیمە ئەم هزرە پوچ و بێ مانایەشی تەنانەت تێکەڵ بە پەروەردە و خوێندنی منداڵە قوتابییەکان دەکرد و لە مەیدانی کردەوەشدا ئەوەندەی بۆی کرابێ و مەجالی هەبووبێ بۆ وەدیهێنانی ئامانجە نگریسەکانی خۆی خەڵکی کوشتووە و پەرەی بە تیرۆریزم داوە. بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین ڕێژیمی ئاخوندی ڕێژیمێکی ئاژاوەگێڕە کە خواست و بەرنامە چەپەڵەکانی هەموو سنورە ئەخلاقییەکان دەبەزێنێ و تەنیا کاتێک کە دەست دەداتە «تەقیە»ی شەرعی و بۆ ماوەیەک لە کردەوەکانی پاشەکشێ دەکات و چەشنی ڕێوی بای دەداتەوە ئەو کاتەیە کە تەواوەیەتی ڕێژیم بکەوێتە مەترسی لەناوچوونەوە.

ڕێژیم لەم جۆرەکاتانەدا ئەدەبیاتی ئاخاڤتنی دەگۆڕێ و جینایەتکارەکانی کاربەدەستی کۆماری ئیسلامی بە دەمامکی ئیسڵاحات و هتد دەردەکەون و بەرانبەر بە لایەنی هێزمەند بێدەنگ دەبن و بە بزە و پێکەنینەوە باوش بۆ وتوویژ دەگرنەوە! لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئەم ساتەش ئەم پێوەرانە کە ماکیاوێللی ماموستایان پێی دەڵێ شێر و ڕێوی لە پێش چاو گیراوە و کاری پێکراوە. لە حاڵەتی بەناو شێردا ئەم ڕێژیمە فەرمانی جیهاد بۆ قڕکردن و کوشتنی میللەتی کورد دەردەکات. ڕۆژنامەوان و ڕوناکبیر و جودابیر دەکوژێ و لە سەر مێزی وتوویژ ڕێبەرانی کورد شەهید دەکات. لە یەمەن و سوریە و هەتا ئەو شوێنە دەستی بگات لە ئیسرائیلیش بە موشەکی دوورهاوێژ و هتد منداڵ و خەڵکی بێتاوان و سڤیل دەکوژێ و نوقستان دەکات. تۆڕی تیرۆری دانانەوەی بۆمبی کۆماری ئیسلامی وڵاتانی ناوچە و جیهانیش دەگرێتەوە بەڵام کاتێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیددی دەترسێ وەک ڕێوی خۆی لە هەموو بەرپرسیارەتییەکان دەدزێتەوە !

ئەم مێژووە پڕ لە هەوراز و نشێوە بێجگە لەوەیکە خەڵکی ناوخۆی ئێرانی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە نەهامەتی و کارەساتی دڵتەزێنی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری و هتد گلاندووە هیچ دەسکەوتێکی ئەرێنی نەبووە. مێتۆدە سیاسییە دزێوەکەی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوە کە ناوەرۆکی ڕێژیم ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر بۆ خەڵکی ناوخۆ و ناوچە و جیهانیش زیاتر دەربکەوێ و بە پێی ئیمکان لە بەرانبەر ئەم زێدەخوازییانەدا هاوپەیمانی و یەکگرتوییەکی ئەگەرچی لاوازیش بێت بێتە ئاراوە. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بازنەی خودییەکان و باوەڕپێکراوەکانی ڕێژیم بەرتەسکتر بووەتەوە و متمانە لە نێوانیاندا گەیشتووەتە کەمترین ئاست. نەسڵی تازە پێگەیشتووی ئاغازادەکان هیچ تەعەهودێکیان بە شۆڕشی ئیسلامییەوە نییە و کاربەدەستە ئینقلابییەکان ئەمڕۆ لە گەندەڵی ماڵییەوە گلاون. ئێستا ڕێژیم لە قۆناغێکدایە کە سیستمی بەڕێوەبەرییەکەی تا ڕادەیەکی بەرچاو ئۆلیگارشییە و لە بازنەی دەسەڵاتدا تۆقەنێک خزم و دۆست پێکەوە ئێران بەڕێوە دەبەن کە بڕوا بە کەسیتر ناکەن کە بیهێننە ڕیزی خۆیانەوە. مێژووی ئەم گەندەڵییە ماڵییانە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و ئێستا ئیدی تەواوی تانوپۆی ڕێژیمی تەنیوە و نەتەنیا کاربەدەستانی ڕێژیم حاشای لێ ناکەن بەڵکوو دان بەوەشدا دەنێن کە نازانن چۆن خۆیان و ڕێژیمەکەیانی لێ دەرباز بکەن .

چەند ساڵ لەوە پێش کاک مستەفا هیجری لە کۆبوونەوەیێکی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و بە ئاشکرا ڕوو لە ئەندامان و لایەنگران و خەڵکی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتی: «کاربەدەستانی زۆر سەرەوەی ڕێژیمی ئێران زانیارییە نیزامی و سەربازییەکانی ناو ئێران بە وڵاتانی ناوچە دەفرۆشن!» هیجری لە درێژەی ئەو باسەدا وتی: «هاوڕێیان ئەمە تەفسیر یان ئێحتماڵ نییە کە من بە ئێوەی دەڵێم بەڵکوو ئەمە زانیارییێکی دروستە کە عەرزتانی دەکەم!» پاش لەناوبردنی قاسم سلێمانی و موحسین فەخریزادە دروستی ئەم ئاخاڤتنەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. ڕێژیمی ئاخوندی کە هەمیشە حاشای لە ڕاستییەکان دەکرد پاش چەندین ساڵ دانی بە گەندەڵی ئیداری و گەندەڵی ماڵیدا نا. بۆمباران و وێرانکردنی پایەگا نیزامییەکانی ڕێژیم لە وڵاتانی ناوچە و کوژرانی یەک لە دوای یەکی هێزە ئینسانییە ئێرانی و نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی جوغرافیای ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا لانیکەم سەلمێنەری دوو شت بوون. یەکەم: کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر هێزی جیدیدا، بێهێزە و دەچێتەوە دۆخی ڕێوییەکی بێدەنگ کە بەردەوام بەدوای کونێکدا بۆ خۆدزینەوە دەگەڕێ. دووهەم: تەواوی ئەو بۆمبارانە دەقیق و دروستانە [جیاواز لە باڵادەستی تیکنۆلۆژی] لایەنی بەرانبەر، باڵادەستی ئیستخباراتیشی لە پشتە؛ واتە تەنیا فەرماندە نیزامییە بڕواپێکراوە باڵاکانی ئێران دەستیان بە هەندێ زانیاری زۆر نهێنی ڕادەگات و بێگومان هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوەیە کە ئەو زانیارییانە دزە دەکاتە دەرەوە. کوژرانی فەخریزادە مەحەک لێدانی تەواوی ئەو قسە و باسانە بوو کە خوێنەری هێژا هەتا ئێستا خوێندویەتەوە . بەم پێیە دوو شتمان ڕوون و ئاشکراتر لە هەمیشە بۆ دەردەکەوێ. یەکەم: زانیارییەکەی بەڕێز مستەفا هیجری دروست بوو هیچ حاشایێک هەڵناگرێت. دووهەم: ڕێژیم هاوشێوەی گەندەڵی ماڵی و ئیداری لە گەندەڵی نیزامی و ئیتلاعاتیشەوە گلاوە. بە چەشنێک کە کاربەدەستانی ڕێژیم لە پاش کوژرانی فەخریزادە دانیان بەم ڕاستییەدا ناوە و حاشایشیان لێ نەکردووە. لێرەدا هەندێ شت کە کوژرانی فەخریزادە تا ڕادەیەک جیاواز دەکات و پێویستە شرۆڤەکاران و خەباتکارانی سیاسی زیاتر سەرنجی پێبدەن بە کورتی باسی لێوە دەکەین .

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەست پێڕاگەیشتنی وڵاتی ئیسرائیل بە نیزیک بە هەشت تۆن مەدارکی ناوکی ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیم وەک هەمیشە ملیان لە حاشاکردنی ئەو ڕاستییە نا. بەڵام ئەوە ڕاستییەک بوو کە زۆر لایەنی بەرنامەی ناوکی و موشەکی ئێرانی بۆ ئیسرائیل ڕوون کردەوە . فەخریزادە کەسێک بووە کە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی ئیسرائیلدا بە ئاشکرا ناوی براوە و بە کەسێکی شوێندانەر لەو بابەتانەوە بە بینەر ناسێندراوە. ئیتلاعاتی سپا وەک گەورەترین ئۆرگانی دەسەڵاتداری ئیتلاعاتی ئێران کە بەرپرسی پاراستنی گیانی فەخریزادە بووە نەیتوانیوە گیانی ناوبراو سەرەڕای هەبوونی تەواوی ئەم هەڕەشە ئاشکرایانە بپارێزێت. لەناوبردنی فەخریزادە لەگەڵ کوژرانی قاسم سلێمانیدا لە هەندێ بابەتەوە جیاوازە. فەخریزادە لە ناو جوغرافیای ئێراندا و لە شاری تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامی دەکرێتە ئامانج. کوژرانی فەخریزادە لە ڕێگای ئینسانییەوەیە نەک بە پەهباد و تیکنۆلۆژی زۆر سەیر و سەمەرە. پاش کوژرانی سلێمانی کۆماری ئیسلامی زۆر وریاتر و چاوکراوەتر لە جاران لە هەوڵدا بوو کە چیدی مۆرە گرینگەکانی لە دەست نەچێ بەڵام دیتمان کە نەیتوانی. ڕێژیمێک کە ساڵهای ساڵە وڵاتی ئیسرائیل بە ڕەسمییەت ناناسێ و لە یەکەم ڕۆژەوە دروشمی سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر گۆی زەوی بە گوێی هەموو کەسێکدا چرپاندووە ئێستا هیچ کە نەیتوانیوە زەربەیەکی ئەوتۆ لەو وڵاتە بدات بەڵکوو ئەوە ئیسرائیلە کە لە ناوخۆی وڵاتی ئێراندا دژبەرەکانی خۆی لە ناو دەبات. پێویست بە وتنە ئەگەرچی هەتا ئێستا بە شێوەی فەرمی ئیسرائیل لە وەئەستۆ گرتنی ئەم سزادانە خۆی پاراستوە بەڵام تەواوی شەواهید و مەدارکی مێژووی ئەم جۆرە ڕووداوانە نیشاندەری ئەوەن کە ئیسرائیل دەستی لە کوشتنی فەخریزادەدا هەبووە . کاناڵی CNN لە زاری کاربەدەستێکی دەوڵەتی ئەمریکاوە وتوویەتی کە ئیسرائیل لە پشت کوشتنی فەخریزادەوەیە. لە کۆماری ئیسلامیدا ئێستا بەرچاوتەنگی و قبوڵ نەکردنی یەکتری لە ئاستێکی بەرزدایە هەر بۆیەش دوور نییە کە هەندێ جار ئەم جۆرە لەناوبردنانە جۆرێک بێت لە پاکانە حیسابی نێو دەزگای حاکمییەت. هەرچەند ئەم ئێحتماڵە زیاتر لە سەر قاسم سلێمانی دروستتر دەردەکەوێ هەتا فەخریزادە. دوابەدوای سەفەری کوتوپڕ و بێدەنگی نێتانیاهوو بۆ عەرەبستانی سعودی و دیدار لە گەڵ پۆمپێئۆ و کۆبوونەوەی سێ قۆڵی، فەخریزادە دەکوژرێ . ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە وڵاتانی ناوچە و جیهانیش لە بەرتەسککردنی توانا موشەکی و ناوکییەکانی ئێراندا تا ڕادەیەکی زۆر لە چاو ساڵانی پێشوو جیدیتر و هاوئاهەنگترن .

ڕێژیم لە گەمەیەکی دووسەر دۆڕاودا گیری کردووە؛ ئەگەر بیهەوێت لەمە زیاتر هێڵە سورە نێودەوڵەتییەکان ببەزێنێ کۆدەنگیێکی جیهانی بە دژی خۆی پێک دەهێنێ کە دور نییە بۆ هەمیشە لە ناوی بەرن. لە کاتی دەسەڵاتداری بایدەندا ئەم کۆدەنگییە نێودەوڵەتییە زۆر ساناتر لە کاتی تڕامپ پێک دێت. ئەگەر بیشیهەوێ لە ئیدیۆلۆژییە دینی و ئینقلابییەکانی پاشەکشێ بکات بۆ هەمیشە لە ناو خەڵکی ناوخۆ و هێزە دڵسۆزەکانی خۆی جێگە و پێگەی خۆی لە دەست دەدات و لەمەش خراپتری بەسەر دێت. ڕێژیم بۆ ئەوە کە وورەی هێزەکانی خۆی و هێزە نیابەتییەکانی دانەبەزێ دەڵێ تۆڵەی سەخت دەکەمەوە! ئەو دروشمە وەک ئاواتێک بۆ ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژی هەندێ مەسرەفی ناوخۆیی هەیە بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا واقعییەتەکان بە جۆرێکی دیکەن و ڕێژیم ناتوانێ پەل ببزێوێ. فەخریزادە ئەوەندەی کە پاش مردنی ناسرا هیچکات پێش لە مەرگی ناسیاو نەبوو. ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە دژبەرانی ئێران زۆر بە وردی و زیرەکییەوە دوژمنانی خۆیان دەبیننەوە و لە ناویان دەبەن. وێدەچێ زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەی کە لە ماوەی چل ساڵی پێشوودا لە لایەن ڕێژیمەوە چ لە باری ئیدئۆلۆژی و چ لەباری کردەوەییەوە کەوتونەتە بەر پەلاماری نەرم و سەختی ڕێژیم ئیتر لە ڕێژیم خۆش نەبن. کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا تەنها وتەریک کەوتووەتەوە. ئیسرائیل لەگەڵ هەندێ وڵاتی عەرەبی ئیسلامی بە شێوەی فەرمی ئاشت بووەتەوە و لەگەڵ هەندێکی دیکەش لە داهاتوودا ئاشت دەبنەوە. پێکهاتنی هاوپەیمانی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی دایەرەی نفوز و مانەوەی ڕێژیم کەمتر دەکاتەوە و تا دەگاتە شوێنێک کە ئیدی مەرگی ئێرانی لێدەکەوێتەوە. لە ئاستی کارناسان و پسپۆڕانی نیزامی و ناوکی ئێراندا ئیدی کەمتر کەسێک ئامادە دەبێ لە بەرەوپێشبردنی بەرنامە موشەکی و ناوکییەکانی ڕێژیمدا کار بکات چونکە مەترسی گیانی هەیە و ڕێژیم ناتوانێ تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیشیدا بیانپارێزێ. توئیتی ژن و منداڵی زانا کوژراوەکانی پێشوو لە پاش کوژرانی فەخریزادە سەندێکی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەوەیکە دەریدەخات ترس تا چ ڕادەیەک بە ناخی بنەماڵەی ئەو کەسانەدا ڕۆ چووە .

فەخریزادە مۆرەیەکی گرینگی ڕێژیم بوو کە لە ڕۆژێکی خەڵوەت و لە شەقامێکی چۆڵدا بە دەستی کەسانێک کوژرا. ڕێکەوتی مەرگی فەخریزادە زۆر دور نییە لەو ڕۆژەی کە دووهەم کەسی گروپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە ناو شاری تاراندا کوژرا. تەنیا چەند ڕۆژ پاش کوژرانی ئەو بەرپرسە باڵای ئەلقاعیدە، ئیسرائیل بە شێوەی ڕەسمی ڕایگەیاند کە لە ناو خاکی سوریا هێز و پایەگاکانی ئێرانی کردووەتە ئامانج و چەند کەسێکی لە مۆرەکانی ڕێژیم کوشتوون. کاتێک کە سەرنجی کۆی گشتی ئەم ڕووداوانە و ڕووداوە هاوشێوەکانی دەدەین بۆمان دەردەکەوێ کە وڵاتانی ناوچەیی پەیامێکی جیددی بە ڕێبەرایەتی نوێی ئەمریکا و ڕێبەرانی تیرۆریستی ئێران دەدەن. ئەو پەیامە دەڵێت ئەگەر لە لایەن دەسەڵاتی بایدەنەوە ڕەفتارە تێکدەرانەکانی ئێران پشتگوێ بخرێت ئەوە ئەوان خۆیان ئەوەندەی بۆیان بکرێ ئێران دەبەستنەوە. ئامریکای بایدەن ناچارە ئەم پەیامە ببیستێ و لە تەعامول و دانوستان یان بەرخورد لەگەڵ ئێران ئەو شتانە لە پێش چاو بگرێت کە وڵاتانی ناوچەیی خوازیارین . کوژرانی فەخریزادە دژکردەوەیێکە بەرانبەر بە هەموو ئەو ڕەفتارە ناشایست و خوێنڕێژانە کە ساڵهای ساڵە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بەڕێوەی دەبات. بە واتایەکی دیکە کوشتنی مۆرەکانی ڕێژیم تەنیا زمانێکە کە ڕێژیم لێی تێدەگات چون زۆر نیزیکە لە زمانەکەی خوودی ڕێژیمەوە. شادی و لۆغانی بەرپرسانی ڕێژیم بۆ لاچونی تڕامپ و هاتنی بایدەن خەیاڵێکی خۆشی بێ مانا و بێ دەسکەوتە چون بایدەن ناتوانێ فاکتەرە ناوخۆییەکانی ئێران و ناوچەکە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران لە پێش چاو نەگرێت. ئەوە بەردەوام زیاتر ئاشکرا دەبێت کە ئێران ئیتر ناتوانێ و ئیزنی پێنادرێ کە ئێرانی ساڵانی پێشوو بێت هەروا کە دڵنیام ئەگەر دەسەڵاتی هەبایە هەر لە پاش کوژرانی سلێمانی و فەخریزادە بە کردەوە هەندێ کاری تێکدەرانە و تۆڵەئەستێنانەی دەکرد کەچی دیتمان نەک هیچی بۆ ناکرێ بەڵکوو بەردەوام کز و لاوازتر دەبێت .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خوێندنەوەی دروست و واقعبینانە لە ساڵانی پێشوودا و بە ڕاگەیاندنی ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە جۆرێک لە جۆرەکان بە پیری ئاڵوگۆڕەکان لە داهاتوودا ڕۆیشت. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە خواستی خەڵک بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئازاد و شیاوی ئینسانییەوە بە پێی ئەم سەردەمەوە سەرچاوەی گرتووە. وڵاتانی ناوچە و جیهانیش ئێستا زیاتر لە هەموو کات ئەگەریش بۆ بەرژەوەندی خۆیان بێت پێیان وایە دەبێ پێش بە توندئاژۆییەکانی ڕێژیم بگرن. فەخریزادە و کەسانی وەک ئەو لە کوژران و تۆقاندن و ئاوارەکردنی خەڵکانێکی زۆر لە ئێران و جیهاندا تاوانبارن. بەرهەمی زانست و زانیارییەکانی فەخریزادە و کەسانی وەک ئەو لانیکەم ئەو موشەکانە بوون کە ئاراستەی بنکە و بارەگاکانی پێشمەرگەکانی حیزب کران و چەندین شەهید و برینداری لێکەوتەوە. حیزبی دێموکرات بەپێی ئوسولی ڕەسەنی خۆی درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی دەدات بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەم ئاڵوگۆڕانە نابینێت. تەمەنی ڕێژیم بەرەو کۆتایی دەڕوات چون زەرورەتێکی بەرچاو لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی و ناوخۆیی بۆ بەرتەسککردن و کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە خوێنڕێژە بەرچاو دەکەوێ. جێگای خۆشحاڵییە کە حیزبی دێموکرات بەرپرسیارانە و لە کاتی گونجاودا خەباتی نوێی خۆی ڕاگەیاند هەتا لە چەقی ئاڵوگۆڕەکان دور نەبێت. ڕێژیم لە ناو جوغرافیای خۆیدا ناتوانێ دیفاع لە خۆی بکات. گەندەڵی نیزامی و ئیتلاعاتی دەبێتە هۆی ئەوە کە چەکی سەرکوتی ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵکی ناڕازی لە ناوخۆدا زیاتر فەشەل بێنێت. ناتەوانی ڕێژیم لە پێشگرتن لە کوژرانی فەخریزادە خاڵێکی جێگای سەرنجە کە کۆمەڵانی خەڵک زیاتر ناوەرۆکی بێهێز و پوچی ڕێژیمیان بۆ دەرکەوێ و نەترسانەتر لە کاتی گونجاودا بە دژی ڕاپەڕن .

# خەمی نان و ژیان



سۆران چوپانی

لە ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتداریەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هیچ کات ئاستی هەژاری و برسیەتی بەو ڕادەیەی کە ئێستا چین و توێژە هەژارەکان لە گەڵی بەرەوڕوون و بەدەستییەوە دەناڵێنن نەبووە. زیاتر لە نیوەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدان و ناتوانن بژیوی ژیانیان بە شێوەی پێویست دابین بکەن . بە وتەی بەرپرسان و ڕاپورتێك کە لەلایەن بەشێك لە ئەندامانی مەجلیسی ڕێژیمەوە لەم ساڵەدا بڵاو بووەتەوە نزیك بە شەش میلیۆن کەس لە خەڵکانی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدان و توانای دابینکردنی ژەمە نانێکیان بۆ خۆیان و ماڵ و منداڵیان نییە . ئەم کارەساتە بەرهەمی سیاسەتی چەوت و هەڵەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییە لە دژی خەڵك لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ئەگەرچی کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و بە تایبەتی چینی خوارەوەی کۆمەڵگا لە ماوەی ئەو چوار دەیەی دەسەڵاتداری ڕێژیم هیچ کات ژیانێکی خوش و شیاویان نەبووە و هەمیشە لە هەژاری و بێدەرەتانی و چارەڕەشیدا ئازاریان چێشتووە و برسیەتی و نەهامەتی و نەداری بەشێکی دانەبڕاوەی ژیانیان بووە، بەڵام ئەوەیکە ئێستا کارەساتەکە زیاتر دەکات هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە بە هۆی لاسارییەکانی تاران بەرامبەر بە دنیای ڕۆژاوا دەینوێنێ کە گەمارۆ ئابوورییەکانی لێکەوتووەتەوە و ئابوورییەکی دارماوی بەسەر ئێراندا سەپاندووە کە ڕوونە لەو نێوانەدا ئەوەی تێچووەکەی دەدات و زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و برسی و بێ دەرەتانی ئێرانن .

**دارمان و داتەپینی ئابووری، چوونەسەرەوەی نرخی پێداویستی و کەلوپەلە سەرەتاییەکانی ژیان، بێکاری و نەبوونی داهاتی سەقامگیر و متمانەپێکراو و لە ئاکامدا زیادبوونی میلیۆنان کەس لە چینی مامناوەندەوە بە چینی هەژار، کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی ناسەقامگیری و شلەژان و زۆر گیروگرفت و بەڵای کۆمەڵایەتی کردووە کە خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێرانی لەگەڵ حەشیمەتی وڵاتانی هەژاری جیهان**

دارمان و داتەپینی ئابووری، چوونەسەرەوەی نرخی پێداویستی و کەلوپەلە سەرەتاییەکانی ژیان، بێکاری و نەبوونی داهاتی سەقامگیر و متمانەپێکراو و لە ئاکامدا زیادبوونی میلیۆنان کەس لە چینی مامناوەندەوە بە چینی هەژار، کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی ناسەقامگیری و شلەژان و زۆر گیروگرفت و بەڵای کۆمەڵایەتی کردووە کە خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێرانی لەگەڵ حەشیمەتی وڵاتانی هەژاری جیهان هاوتەراز کردووە. ئەو بارودۆخە نالەبارە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی بەڵا کۆمەڵایەتییەکان و دەیان و سەدان کێشە و تاوان وەکوو بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر، دزی، لەشفرۆشی و بێکاری و.... لێکەوتووەتەوە.

**خوڵقێنەر و گەیێنەری خەڵک و کۆمەڵگای ئێران بە گشتی، بەم ئاستە لە چارەڕەشی لەڕاستیدا دەسەڵاتدارەتی سیستمێکی ملهۆڕی ئۆپۆرتۆنیست و دیکتاتۆرە کە تەنیا بەقا و مانەوەی خۆی و دەسەڵاتەکەی بۆ گرینگە، ئەم جۆرە بە حاکمیەت کارەساتی گەورە هاوشێوەی لێ دەکەوێتەوە کە تێگەیشتن و هەست پێکردنی تەنیا خەڵکانی ئێران دەیزانن و ڕۆژانە هەستی پێ دەکەن**

خوڵقێنەر و گەیێنەری خەڵك و کۆمەڵگای ئێران بە گشتی، بەم ئاستە لە چارەڕەشی لەڕاستیدا دەسەڵاتدارەتی سیستمێکی ملهۆڕی ئۆپۆرتۆنیست و دیکتاتۆرە کە تەنیا بەقا و مانەوەی خۆی و دەسەڵاتەکەی بۆ گرینگە، ئەم جۆرە بە حاکمیەت کارەساتی گەورە هاوشێوەی لێ دەکەوێتەوە کە تێگەیشتن و هەست پێکردنی تەنیا خەڵکانی ئێران دەیزانن و ڕۆژانە هەستی پێ دەکەن.

دەبینین کە هێڵی هەژاری بەرز بووەتەوە و دابەزینی نرخی دراوی ئێران لە چاو دراوە جیهانییەکان و هەروەها چوونە سەری نرخی پێداویستییەکان و تەنانەت بەرهەمە ناوخۆییەکانیش، خەتی هەژاری بۆ بنەماڵەیەك پێنج میلیۆن تمەنە . واتە بنەماڵەیەکی چوار ـــ پێنج کەسی ئەگەر داهاتی مانگانەی لەو بڕە پارەیە کەمتر بێ دەکەوێتە خانەی ژێر هێڵی هەژارییەوە . ئەوە لە کاتێکدایە کە داهاتی کرێکارێك و بنەماڵەیکی چوار کەسی، ئەویش ئەگەر کاری بەردەوامی هەبێ لە نێوان یەك بۆ دوو میلیۆن تمەنە .

لەم دۆخەدا تەنانەت کارمەندانی دەوڵەتیش ئەوانەی کە داهاتی مانگانەیان دیاریکراوە، هاوشێوەی کرێکاران تووشی گرفت بوون و لەگەڵ ئەو گرانی و بارودۆخەی بازاڕدا توانای کڕینی پێداویستییەکانی ژیانیان نەماوە؛ نرخی کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیان لە بازاڕدا بەرز بووەتەوە و ئەوان حقوق و مووچەی مانگانەیان هەر وەکوو جارانە.

ئەم باوردۆخە وەکوو باس کرا لەگەڵ خۆی بەڵا و خەسارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش دەخولقێنێ و ڕێژەی تاوانەکان لە کۆمەڵگادا زیادتر و زیادتر دەکا؛ لەو ماوەیەشدا ئامارە فەرمی و نافەرمییەکان هەر وەك یەك ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییە، ڕۆژانە دەیان هەواڵی کوشتن، دزی کردن، هێرش بۆ سەر ماڵی خەڵك و بانك و ناوەندە ئابوورییەکان بڵاو دەبێتەوە کە خۆی لە خۆیدا دڵەڕاوکێ و ترس و نائەمنی دروست کردووە . بەشێك لە خەڵکی ئێران بە هۆی مایەپووچبوونی بانك و ناوەندە ماڵییەکانی نێوخۆیی کە زۆربەیان سەر بە تاقمەکانی نیزیك لە دەسەڵات و بە تایبەتی سپای تێرۆریستی پاسدارانن، بڕوایان بە دانانی پارەکانیان لە بانکەکان نەماوە و ناچارن ئەوەی هەیانە بیکەنە زێڕ و دۆڵار و دراوی جێباوەڕی دیکە. کە لێرەشدا دەڵاڵەکانی سپا و مافیاکانی سەر بەوان و دەوڵەت دەست بە سەر بازاڕی دۆلار و زێڕ و سکەدا دەگرن و لە هەمانکاتیشدا بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵك کردن و سڕینەوەی جێ دەست و پێیان کەسانێکی دیکە تێوە ئەگلێنن و دەناسێنن و دواتر لە سێدارەیان دەدەن .

ئەم بارودۆخە دیارە بە گشتی کۆی ناوچەکانی ئێرانی لە خۆی گرتووە بەڵام لەو پارێزگا و ناوچانەی کە لە زۆر بارەوە لە ئاست ناوچە پیشەسازییەکانی دیکە بێبەش کراون و پەراوێز خراون و بریتین لەو هەرێمانەی کە نەتەوە ستەملێکراوەکانی تێدا نیشتەجێیە لەوانە کوردستان و بەلوچستان و ... هەژاری و برسیەتی تەنگی بە خەڵك هەڵچنیوە و دۆخەکە زۆر خراپتر لە شوێنەکانیترە .

لە کوردستان خەڵکی شار و ناوچە سنوورییەکان ناچارن بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان ڕوو لە ڕێگای هات و نەهات بکەن؛ ئەو ڕێگایەی کە سەدان کەس لەو ساڵانەدا گیانی خۆیان لە پێناو ناندا بەخت کرد کە ئەمەش بۆ خۆی کارەساتێکە بە سەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەتی خەڵکی گوند و شارە سنوورییەکان کە بە هۆی کاری کۆڵبەرییەوە ڕۆژانە ئەگەر زستان بوو دەکەونە بەر ڕقی سرووشت یان دەبنە سیبل بۆ سەربازە زۆرەملییەکانی دیکتاتوری، یان دەکەونە سەر مینی بەجێماوی شەڕی نگریسی دوو کۆنەپارێز و ماڵوێرانکەر. لە نێو ئەو کۆڵبەرانەدا پیاوانی بەساڵاچوو، خوێندکارانی خاوەن بڕوانامەی باڵا، وەرزشوانانی ناودار و خاوەن پێگە بوونیان هەیە کە بەداخەوە لە جادەکانی مەرگدا بۆ نان دەگەڕێن .

جگە لە خەڵکی شارە سنوورییەکان خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانیش کە لەگەڵ ئەو بێبەشبوونە مێژووییەدا بەرەوڕوون ئێستا خراپترین بارودۆخیان هەیە یان ناچارن کۆچ بکەن بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران تاکوو بتوانن پاروەنانێک بۆ ماڵ و منداڵیان بدۆزنەوە.

ئەمە کە لە ناخی خۆیدا سیاسەتێکی هەمیشەیی ڕێژیمە و بریتییە لە بە برسییەتی هێشتنەوەی خەڵکی کورد و ناچارکردنیان بۆ چاو لەدەست ناوەندبوون وای کردووە کە تەنانەت بەشێک لەم گەلە مافخوراوە دوور بەونەوە لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان و ئەوانەش کە توانیویانە لە بەرامبەر ئەم تەوژمەدا خۆڕاگر بن ناچار بوون ژیانی سەخت و دژوار لە غەریبایەتی ئەزموون بکەن.

لەمەش زیاتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تازەترین هەوڵیدا بۆ گۆڕینی دێموگرافیای کوردستان خەڵکی ناوچە فارسنشین و تورکنشینەکانی ئێرانی هان داوە کە بڕۆن لە کوردستان خانوو و زەوی و باخ و دوکان بکڕن و لەوێ نیشتەجێ ببن. تەنانەت بە زۆری نیزامییەکان و ئەندامانی سپای پاسداران کە پاش ئەوەی دەستیان بە سەر هەموو کارخانە و شوێنێکی کاردا گرت ئەو تۆزە ئابوورییەی کە ماوە بەتایبەتی لە ڕووی ئاژەڵداری و جوتیارییەوە دەستی بەسەردا بگرن و بەو شێوەیە بتوانن لە هەژاری و بێکارییەکك کە لە ئارادایە تەماح بکەنە سەر لاوانی کوردستان و بیانکەن بە ئەندامی بەسیج یان سپای پاسداران و مشەخۆری خۆیان .

بە گشتی ئێستا کۆمەڵگای نەخوش و دارماو لە هەمانکاتدا تینوو بە گۆڕان و ئامادە و ئاوسانی ڕاپەڕینی ئێران متمانە بە ژیان و داهاتوو، هیوا بە باشبوونی دۆخەکە و ڕزگاربوون لەم زیندانە زۆرەملییەی کۆماری ئیسلامی نەماوە، نارەزایەتییەکان و ڕاپەڕین و هاتنە سەر شەقامەکانی مانگەکانی ڕابردوو و هەر ئێستا کە لە گۆشە و کەناری ئێران دەرخەری گەیشتوویی خەڵك و هەستان و ڕاپەڕینی هەژارانە لە دژی کۆماری ئیسلامی کە ئەمە بۆ هەموو جیهانییان و تەنانەت کاربەدەستانی ئێرانیش ئاشکرایە؛ بەچەشنێک کە دانیان بەوەدا ناوە و هیچ ڕێگاچارەیەك جگە لە نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ئەم بارودۆخە چاك بکات، ئەگەر لە ڕابردوودا بە تایبەتی لە ماوەی چوار دەیە حاکمیەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا گرووپێک، ڕێکخراوێک، حیزب و خەڵکانێك، چین و توێژێک لە نێو کۆمەڵگای ئێران ئۆپۆزسیونی ئەم ڕێژیمە بوون ئەمڕۆکە لە سەدا هەشتای کۆمەڵگای ئێران ئۆپۆزسیۆنن و بڕوایان بەم ڕێژیمە نەماوە، ئەمڕۆ خەمی نان و ژیان بەرۆکی تاك بە تاکی کۆمەڵگای ئێرانی گرتووە، تایبەتمەندی نارەزایەتییەکانی ئەمجارە ئەوەیە کە تەنیا لە چوارچێوەی گرفتە سیاسییەکان یان ئاریشە سینفییەکان خۆی نابینێتەوە، هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەو نارەزایەتییە بەرین و بەرفراوانەی مانگی خەزەڵوەری ساڵی پاری لێ بکەوێتەوە کە پتر لە ١٠٠ شار و ناوچەی ئێرانی گرتەوە و زیاتر لە هەزار کەس لە خۆپیشاندەران کرانە ئامانجی گوولەی تاریکپەرستان و کوژران و بریندار بوون و هەارانی تریش گیران و زیندانی کران .

پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم ڕێژیمە توانای چارەسەری ئەم هەموو گرفت و کێشەیەی چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی جیهانیدا هەیە؟ یان درێژەی ئەم بارودۆخە بەرەو ڕاپەڕینی هەژاران دەڕوا ؟

**چیەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەی نیشان داوە کە لە بنەڕەتدا لە دژی ژیانی باش و خۆش بووە بۆ شارۆمەندانی کۆمەڵگای ئێران و هیچ تەقەلا و هەوڵێک نەک هەر بۆ باشتربوونی ژیانی خەڵک نادات بەڵکوو بە هێزی چەک لە بەرامبەریدا وەستاوەتەوە؛ لە هەمانکاتیشدا لە ئەگەری سازان و لابردنی تەحریمەکانیش تازە کۆمەڵگای ئێران بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە**

چیەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەی نیشان داوە کە لە بنەڕەتدا لە دژی ژیانی باش و خۆش بووە بۆ شارۆمەندانی کۆمەڵگای ئێران و هیچ تەقەلا و هەوڵێك نەك هەر بۆ باشتربوونی ژیانی خەڵك نادات بەڵکوو بە هێزی چەك لە بەرامبەریدا وەستاوەتەوە؛ لە هەمانکاتیشدا لە ئەگەری سازان و لابردنی تەحریمەکانیش تازە کۆمەڵگای ئێران بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە.

بەم پێیە چارەسەرکردنی ئەو هەموو گیروگرفتە نەتەنیا ئاسان نییە بەڵکوو دەکرێ بڵێین بۆ دەسەڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی کە بۆخۆی ماکەی سەرهەڵدانی هەموو ئەو گرفتانەیە ئیمکانی نییە کەواتە تەنیا ڕێگەچارەی تێپەڕین لەو نەهامەتییانە ڕاپەڕینی خەلکی وەزاڵەهاتوو بەدژی دەسەڵاتی ئۆپۆرتۆنیستی تارانە تاکوو بناغەی کێشە و ئاریشەکان لە بنەوە دەربهێندرێت.

# کۆماری ئیسلامی شەڕ دەکات یان نا؟



زریبار

لە دوای مەرگی خومەینی هیچکات کۆماری ئیسلامی وەکوو ئێستە لە شەڕ نزیک نەبۆتەوە؛ هەرچەند کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای میلیشیاکانەوە لە ناوچەکەدا شەڕی بریکاری ئەکات بەڵام ئێستە کە شەڕەکە خەریکە دەرگای خۆی دەگرێتەوە بەپێی هەندێک داتا کە لێرەدا ئاماژەی پێدەکرێ ئەو وڵاتە بە تەمایە گۆڕانکاری ڕیژەیی لە ستراتیژی و تاکتیکی شەڕخوازانەی خۆیدا پێک بێنێ. کۆماری ئیسلامی ئەزموونی شەڕی هەیە و هەر ئێستەش باجی شەڕی هەشت ساڵە ئەدات. ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستەش دەست لە سیاسەتی شەڕخوازانەی خۆی هەڵناگرێ پێوەندی بە سێ ڕەهەندی سەرەکی «مەزهەبی»، «ناسیۆناڵیستی» و «جوغرافیا»وە هەیە. لە بواری مەزهەبییەوە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا و ئەندازیاری سیاسی و چەکداری لە ئاستی ئاسایی و سروشتی خۆی دەرچووە و تەنانەت لە ناو ڕەوتە سوننەکانیشدا نفوز و ڕۆڵی بەرچاو دەبینێ. هیلالی شێعە وەک دوکتۆرینی سیاسی ــ ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی بۆ کاتێکی نادیار ڕۆژهەڵاتی ناوین و دنیای ڕۆژئاوای بە خۆوە خەریک کردووە و دەکات. خاڵێک کە سەبارەت بە هیلالی شێعە گرنگە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەو دەسەڵاتە خەیاڵییە درووست بکا و لە بەرامبەریشدا تەواویەتی ئەرزی هیچ وڵاتێکیش نەشێوێ. بۆ نموونە لە سوریا کە سوننەکان زۆرینەن دەبێ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە و لە ژێر ڕکێفی عەلەوییەکاندا پەیوەست ببن بەو هیلالی شێعییەوە . دەمارگرژی نەتەوەیی و زمانی لە ئێراندا لە دەمارگرژی مەزهەبی بەربڵاوتر و ڕیشەدارترە. دیارە ئەو دوو ڕەهەندە واتە «ناسیونالیزم» و «مەزهەب» لە ئێران وەک تەواوکەری یەکتر قۆڵیان بۆ داگیرکردن و شێواندنی ناوچەکە هەڵگرتووە. ناسیوناڵیزمی فارسی بە پشتبەستن بە دێرینەخوازی، (باستانگەرایی) زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسی دەیهەوێ زمانەکانی ناوخۆی ئێران لە خۆیدا بتوێنێتەوە و لە دەرەوەش دوو وڵاتی ئەفغانستان و تاجیکستان وەک نیشتمانی خەیاڵی سەردەمی هەخامەنشییەکان وەک کەوشەنی خۆی پێناسە بکا. ناسیۆناڵیزمی فارس هەرچەند بۆ مەزهەب و دین نەسووتاوە بەڵام بە باڵی مەزهەب گورزی خۆی لە نەیاران و جودابیرانی ناوخۆ و دەرەوە دەوەشێنێ. ئەگەر بە شێوەی خێرا ئاوڕ لە ناسیۆناڵیزمی فارس بدەینەوە دەبینین وەک شێعە چۆن لە سەر وێژمانی عاشورا دامەزراوە ئەمیش بە پشتبەستن بە شانامە و خوێنڕشتن بە تەمای خۆسەپاندنە. تەوەری سێهەم حوکمی جوغرافیایە واتە هەر نەتەوەیەکی دیکەش لە باندەشتی (فلات) ئێراندا بوایە تووشی ئەو سەرکێشییە دەبوو. جوغرافیا ڕۆڵی گرنگی لە هێرشەکان، ئاشتبوونەوەکان، پاشەکەوتوویەکان، پێشکەوتوویەکان، کرانەوەکان، داخراوییەکان و هتد هەیە.

دۆخی ئێستەی کۆماری ئیسلامی لە مانەوە و نەمانەوەی یەکپارچەیی ئێراندا زۆر گرنگە. تەنیا شەنسی مانەوەی ئێران دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی کۆکوژ و ناوکییە ئەگینا هەموو شرۆڤەکانی دیکە لە بەرژەوەندی خاک، مەزهەب و ناسیۆناڵیزمی ئێرانیدا نییە.

فاکتەکانی جێی باس لە سەر شەڕ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی قەت شەڕ ناکات بەڵام لە ئاستی بچووک و بەرتەسکدا کە بیروڕای ناوخۆیی پێ ڕازی بکا و هەڵگیرسانی شەڕی گشتگیری بە دواوە نەبێ وڵام ئەداتەوە.

هۆکارەکانی شەڕنەکردن بریتین لە:

ــ کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە لە بوارەکانی تیکنۆلۆژی سەربازی و لوجستیکییەوە قەت ناتوانێ بەرامبەر بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوەستێتەوە. ئیمڕۆ شەڕی کلاسیک و سپای زۆروبۆر وڵامدەر نییە و ئەرتەشی بەناو بیست میلیۆنی تەنیا خەڵک و خۆخەڵەتاندنە. کاتێک ناوێکی جەنگی بە تەنیا لە سەر دەریاکاندا دەوری دەوڵەتێک دەگیرێ ئیتر سپا هیچ دەورێکی لە ئاست هێرشی دەرەکیدا نامێنێ مەگەر تەنیا بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی کەڵکی هەبێ.

ــ کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ بیروڕای گشتی دەرەوە و وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتیتر هەریەک بە جۆرێک لە کاروکردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ناڕازی و خەسارمەند بوون . بە هێرشکردنە سەر ئێران هەستی تۆڵەکردنەوە و دەستێوەردان لە وڵاتانی ئەفغانستان، پاکستان، وڵاتانی کەنداو، تورکیا، ئازەربایجان و ... سەرهەڵئەدات و سنوورەکان دەبەزێنن دێنە ناو خاکی ئێرانەوە. بە لاوازکردن یا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کەمینەی شێعەکان لە وڵاتانی ناوچەکەدا دەکەونە مەترسییەوە و کوشتارێکی زۆر ڕوودەدات چوونکە کۆماری ئیسلامی بە سەرکێشییەکانی خۆی هەموو پردەکانی بۆ پێکەوەژیان ڕووخاندووە.

ـ لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕدا ئیتر وەکوو جاران خەڵک خۆبەخشانە شەڕ ناکات، تەنانەت ئەگەر خەڵکانێکی زۆریش بێنە مەیدان خۆ دوژمنێکی فیزیکی بوونی نییە تا لە گەڵی شەڕ بکا .

ــ کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە بە هەڵگیرسانی شەڕ و ئاڵۆزی لە ئێران ڕاپەڕینی جەماوەری و نەتەوەیی بە تایبەت کورد، عەرەب و بەلووچ سەر هەڵئەدات و بەپێچەوانەی شۆڕشی پەنجاوحەوت کە تەنیا کورد ڕاپەڕی ئەمجار بە پێی ئەزموونەکان کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بینیومانە، ڕاپەڕینەکان یەکلاکەرەوەن و دژی دیکتاتۆر دەبێ.

ـ هیچ هێزێکی ئالتێرناتیو بۆ پاراستنی ناوەندگەرایی بوونی نییە و ئەمجارە نەتەوەکانی ئێرانن کە هێڵی سیاسی دیاری ئەکەن. سانترالیزم لە ئێران دەبێتە چەند ناوەندێتی و فیدراڵی .

دەوری میلیشیاکان لە ئێستە و دواتر ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕدا لاواز و بەرتەسکە. میلیشیاکان هەتا ئێستە کاریان تێکدانی ژێرخانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بە سوپێرمارکت کردنی عێراق و سوریە بۆ توانەوەی کاڵاکانی ئێران بووە. کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بە شێوەی تاکتیکی چالاکییەکانی کەمڕەنگ بکاتەوە بەڵام پاشەکشە ناکات هەر بۆیە ئیسراییل و عەرەبستان بەوە قەناعەت ناکەن و خوازیاری یەکلایی کردنەوەی ئەو دەسەڵاتەن. بیرۆکەی هەڵەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە بۆ پاراستنی سنوورەکانی خۆی دەبێ ئەو دیوی سنوورەکان بپارێزێ بەڵام بەکردەییکردنی ئەو بیرۆکەیە تێچووی زۆری دەوێ و بە شێوەی خراپ بە سەر خۆیدا دەشکێتەوە.

ئیسلامییە توندڕەوەکان چ شیعە و چ سوننی، یەهوود بە دوژمنی یەکەمی خۆیان دەزانن بەڵام لە ئێستەدا دەبینین کە وڵاتانی سوننە دەستی دۆستی و هاوکارییان بەهۆی گۆشاری کۆماری ئیسلامییەوە بۆ لای ئیسراییل ڕاکێشاوە . ئیسراییل بە هۆی ژاندارمی ناوچەکە واتە کۆماری ئیسلامییەوە متمانەی وڵاتانی کەنداوی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە کە ستراتیژیکترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و هەروەها لەباری مەزهەبییەوە سوننین. بۆ ئیسراییل ڕازیکردنی سوننەکان لە شێعەکان گرنگترە چوونکە لە مەزهەبی شێعەدا ئەسڵێک بە ناوی تەقیە هەیە کە لە کاتی تەنگانەدا پەنای پێ دەبەن و مل کەچ دەکەن. بێگومان کۆماری ئیسلامی لە دەقەی ئاخردا پەنا بەو ئەسڵە دەبا، ئەوەش یانی کۆتایی ئەو دێوجامەی سەردەم.

# شپرێوی هەمەلایەنەی دەسەڵاتی ئاخوندی

سندووس

هەر سیستمێکی کارای دەوڵەتی بۆ ئەوەی بتوانێ کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەر بکات و هەنگاوی ئەرێنی بەرەو گەشەی هەمەلایەنە هەڵێنێتەوە، دەبێ بتوانێ ئەرکەکانی بەباشترین شێوە ڕاپەڕێنێ.

لەڕاستیدا ڕێژەی کارایی و ناکارایی ئەو سیستمە حکومەتییانەی هەر ئێستا لە جیهاندا بوونیان هەیە، بەستراوەتەوە بەجۆری ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانە.

کۆی ئەم ئەرکانەی دەکەونە سەرشانی دەوڵەت و نیزامەکان و دواجار هەر لە ڕێگەی ئەم ئەرکانەوە، ڕێژەی خەمخۆری و چالاکی ئەوانی پێ لە محەک دەدرێتەوە، بریتین لە:

١- پاراستنی ئاسایشی دەرەوە، بە پێی دیپڵۆماسییەکی کارا و بە دوور لە زمانی زبر و نەیارتاشی.

٢- پاراستنی نەزمی ناوخۆیی بەپێی یاسایەکی مرۆڤتەوەر و بەدوور لە دەمارگرژیی و پاراستنی بەرژەوەندی دەستە و تاقمێکی تایبەت.

٣- چاپی دراوی خاوەنپشتیوانە و هەوڵدان بۆ بایی و بایەخ ڕاگرتنەکەی.

٤- تاریفێکی لۆژیکی بۆ کوالیتی کێش و بەراوردەکان، هەروەها بەرهەمهێنراوە پیشەسازی و خواردەمەنییەکان و لانەدان لەو کوالیتیيانەی شوێنە زانستی و باوەڕپێکراوەکان، لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی گشتیدا ڕەچاویان دەکەن.

٥- تاریفێکی ڕوون و ئاشکرا لە مافی خاوەنداریێتی، کە بۆ گشت تاکەکانی نێو کۆمەڵگا وەکوو یەک بێت و بە یەک چاو، چاو لە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بکات.

٦- هەبوونی دەزگایەکی دادی چالاک و کارڕاپەڕێن، هەرزان، لێبڕاو و لێپرساو، خەمخۆر، بەرپرس و بێلایەن و سەربەخۆ، کە سەر بە هیچ ئایدیۆلۆژی و دەستە و تاقمێکی تایبەت نەبێت.

ئەو شەش خاڵە گرینگەی سەرەوە، گشت سیستم و دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان وەکوو خاڵی هەرە بنەڕەتی بۆ وڵاتی خۆیان پێداگرییان لەسەر کردووە و توانیویانە جێبەجێشی بکەن، لە ڕاستیدا چالاکبوون لەم بەستێنانەدا بە مانای کردنەوەی دەروویەکی لەبارە، بۆ گەشەی هەمەلایەنەی سیاسی، ئابووری، کلتووری و تەنانەت کەمکردنەوەی قەڵشت و دابڕانە کۆمەڵایەتییەکان و هێنانەبەرباسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی؛ بەڵام بێ توانایی لە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە، نیشانەی نالێپرساوییە، سەبارەت بە کۆمەڵگا و دواجار تەواوی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەر لێرەوە هەڵدەقوڵن و سەرچاوە دەگرن.

دەسەڵاتێک گەر بێ توانا بێ لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانەدا، دەبێتە دەسەڵاتێکی گەندەڵ لە گشت بوارەکاندا و هەروەها کۆمەڵگاش بەرەو داتەپینی ئەخلاقی و دواجار لێوڕێژ لە دەمارگرژی و شەڕانگێزی دەبات و لە کۆمەڵگاش ئۆردوگایەک بەمانا «ئاگامبێن»ییەکەی دروست دەکات.

ئاوڕێکی سەرپێی وەسەر ماهییەتی کۆماری ئاخوندی و داماوی لە هەر شەش خاڵدا بۆمان دەردەخات کە ئەم سیستمە چەندە لەگەڵ ئۆتۆریتە بەمانا «ماکس وێبێری»یەکەی بێگانەیە و ناشیەوێ خۆی لێ نیزیک بکاتەوە.

لە خاڵی یەکەمدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم سیستمە تا ئێستا نەیتوانیوە لەگەڵ هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو و بەپڕەنسیپ، دۆستایەتی بکات و هەوڵی سڕینەوەی ناکۆکیش لەگەڵ وڵاتانی‌تر بدات، ئێستا لە هێندێک دەستە و تاقمی تیرۆریستی بەدەر، دۆستایەتی ئیسڕاتیژیکی لەگەڵ هیچ وڵاتێکی دونیادا نییە و ڕای وایە جیهان لە گەیشتن بە حەقیقەتێکی ئارمانی داماوە و تەنیا ئەو کۆمەڵە گەمژەیە حەقیقەتە ئارمانییەکانیان لەلایە و هەر ئەوانیش دەبێ ڕێپێشاندەری کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بن.

کۆماری ئاخوندی ئەوەندەی لە ڕێکخستنی نەزمی دەرەوەدا زەبوون و داماوە، زۆر زیاتر لە ڕێکخستنی نەزمی ناوخۆییدا شپرێوە و دەرکەوتووە لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا چی بەسەر گەلانی ئێران هێناوە و چۆنی لێک دابڕاندوون. ئەو تاقمە نەک هەر هەوڵی نەداوە پردێکی دۆستایەتی و تەبایی، لە نێوانیاندا هەڵبەستێ، بگرە تۆوی ڕق و نفرەتێکی خەستی لە نێودا چاندوون کە هیچیان دانی خێر بە یەکتردا ناهێنن و چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاون تا بەسەر یەکتردا قلپ ببنەوە.

کۆماری ئاخوندی، بۆ چاپ و ڕاگرتنی بایی دراویش کارێکی کردووە کە تا ئێستا بایەخی یەکەی دراوی ئێران، بەبەراورد لەگەڵ بەر لە شۆڕش، چەندین هەزار بەرامبەر دابەزیوە و وەک یەکێک لە کەمبایەخترین دراوەکانی جیهان، چاوی لێ دەکرێ.

لە بواری بەرهەمهێنانی کەلوپەلە خۆراکی و پیشەسازییەکانیشەوە چاک دەزانین کە ئەوەی سەرنجی پێ نەدرێ، «چۆنییەتی» شتەکانە و هەم کەلوپەلی خۆراکی و هەم پیشەسازی بە خراپترین کوالیتی بەرهەم دێنن، بەڵام بەگرانترین نرخ بە کۆمەڵانی خەڵکی دەفرۆشن. لەم نێوانەدا تەنیا مەبەستیان ڕووتاندنەوەی خەڵک و دزی لێ کردنێکی ئابڕوومەندانەیە، ئەگینا پڕاید بەو کوالیتییە نزمەوە ناتوانێ، هاوشانی نوێترین جۆری ماشێنی وڵاتانی ئەورووپایی و ئامریکایی بێت، دیارە بە هەمان نرخ!!

لە تاریفی ڕوون بۆ مافی خاوەنداریێتیش دەبێ بڵێین کە کۆماری ئاخوندی لە ڕێگەی شارەدارییەوە تیشک و وزەی سرووشتی خۆری بابایەکی کەم داهات بە کەسێک دەفرۆشێ کە دراوسێی ئەوە و بینای چەند قاتی درووست کردووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە وڵاتانی پێشەوکەوتوو، کاتێ بۆ ناوچە و گەڕەکێک ڕێژەی بەرزی بیناکان دیاری دەکرێ، هیچ کەسێ ناتوانێ بەرزتر و چەندقات بڵیندتری سازبکات و دواجار لەگەڵ شارەداری بچێتە نێو بازنەی ساتوسەوداوە و شارەدار و دەست و پێوەندییەکانی وزەی تیشکی خۆر کە خاوەن ویتامین Dی سرووشتییە و وەک پێویستییەکی سەرەکی گەشەی لەشی مرۆڤ، هەر لە منداڵییەوە تا پیری دێتەئەژمار بە خاوەن سەرمایەیەکی بفرۆشن و چینی کەمداهاتی وڵات، لەم بەهرە سروشتییە بێبەش بکەن.

لەسەر خاڵی کۆتاییش دەبێ بگوترێ کە سیستمی دادی کۆماری ئاخوندی ئەوەندەی گەندەڵی تێ‌خزیوە کە لە هەر قۆناغەیدا ئاریشە و سەرئێشەیەکی بۆ کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی درووست کردووە، لە دستوور و فتوا دەرکردنەکانی‌ڕا بگرە، تا لەنێوبردن و حەزفی فیزیکی جیابیران و قەڵاچۆکردنیان، دەستدرێژی کردنی جنسی، قامچی لێ‌دانیان و لەسەریەک بچووکترین بایەخدانەنان بۆ کەرامەتی ئینسانی و ... و لەو دواییانەشدا بە شەڕە دندووکەی «محەممەد یەزدی» و «جوادی ئامۆلی لاریجانی» و سەرهەڵدانی دیاردەیەک بە ناوی «تەبری» و «عەلی ئەنساری» و دزینەوەی شارێک لە باکووری ڕۆژئاوای تاران و زۆر شتی‌تریش، دەرکەوت کە سیستمی دادی ئاخوندی، تا سەر ئێسقان تێوەگلاوی گەندەڵی ماڵی و سیستماتیکی هەمەلایەنەیە، ئەوانە بەشێکی بچووکی کارنامەی ئەو سیستمە پڕ لە ئاریشەخولقێنەن کە دەیهەوێ مرۆڤی ئارمانی درووست بکات و بەهەشت بۆ کۆمەڵانی خەڵک بسازێنێ، کەچی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستانی خستووەتە نێو جەهەنەمێکی سووتێنەر و برژێنەرەوە.

ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، مشتێ بوون لە هەشتێی مێتۆدی دەسەڵاتی ئاخوندی، کە نەک هەر نەیتوانیوە بچووکترین کێشەکان چارەسەر بکات، بگرە بوون و مەوجوودییەتی خۆی گەورەترین هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانە یەک لە دوای یەکە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە. بەم پێیە کۆماری ئاخوندی کە بۆ وێنە لە ڕاگرتنی بایەخی دراودا داماوە، چۆن ئیزن بەخۆی دەدات داوای ئیدارەی کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکات؟

کورد وتەنی:

«ئەوانە ئەوەندە بێ‌ئابڕوون، لە ڕوو ناکەون.»

# ڕۆڵی ژنانی کورد لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا



**عادیلەخانم، هاوسەری عوسمان پاشای جاف، مەستوورەخانی ئەردەڵان، میناخانم هاوسەری پێشەوای نەمر، لەیلا قاسم و لەیلا زانا نموونەگەلێک لەو ژنە هەڵکەوتووانەن کە بە بیرێکی نیشتمانی، خزمەتی گەلەکەیان کردووە وهەتا هەتایە ناویان لە مێژووی گەلی کوردستاندا دەمێنێتەوە**

**هەتوان**

ژنان لە هەر کۆمەڵگایەکدا وەک نیوەی کۆمەڵ، ڕۆڵ و گرینگایەتی تایبەتی خۆیان هەیە و هەر هەوڵێک بۆ تەریکخستنەوەی ئەوان لە کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی، ئاکامی لەباربردنی هێز و توانای حەشیمەتێکی زەبەلاحی کۆمەڵگایە.

کوردستان یەک لەو کۆمەڵگایانەیە کە ڕۆڵی ژنان لە هەموو کاروبارەکانیدا حاشاهەڵنەگرە و بەپێی ئەو فاکتە مێژووییانە کە لە بەردەستدایە ژنانی لێهاتووی کورد سەرەڕای هەندێک دابونەریتی کۆن و شوێندانەری کلتووری پیاوسالارانە لە فەزای کۆمەڵایەتی کوردستان، توانیویانە بەربەست و لەمپەڕەکان شێلگیرانە بشکێنن و شان بە شانی پیاوان و بگرە لەوان چالاکتر، ڕۆڵێکی مێژوویی بۆ گەلەکەیان بگێڕن و ناوێکی زێڕین لە دوای خۆیان بەجێ بهێڵن.

مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کتێبی «دابونەریتی کوردان» کە لە سەدەی نوزدەیەمی زایینی بڵاوکراوەتەوە دەڵێ: «ژنانی کورد وەک ژنانی فەرانسە ئازادن و لە پیاوەکانیان بە ئاوەزتر و ژیرترن».

ئەم بۆچوونەی مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کات و زەمەنێک وتراوە کە ژنانی وڵاتانێکی وەک ئێران لە ژێر عەبایێکی ڕەش و وەک کۆیلەیەک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە.

عادێلەخانم، هاوسەری عوسمان پاشای جاف، مەستوورەخانی ئەردەڵان، میناخانم هاوسەری پێشەوای نەمر، لەیلا قاسم و لەیلا زانا نموونەگەلێک لەو ژنە هەڵکەوتووانەن کە بە بیرێکی نیشتمانی، خزمەتی گەلەکەیان کردووە وهەتا هەتایە ناویان لە مێژووی گەلی کوردستاندا دەمێنێتەوە.

دوابەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هەڵگیرسانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێکی زۆر لە ژنانی شۆڕشگێڕی کورد لە ژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە خۆیان تێکەڵی خەبات کرد و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت پۆل پۆل لە کچان و ژنانی لێهاتووی کورد بێ پسانەوە و بەردەوام بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا چەکی شەرەف و کوردایەتیان لەشان کردووە و هەروەها لە پاڵ ژنانی پێشمەرگە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا هەموو کاتی خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێشمەرگایەتی تەرخان کردووە، بەشێکی زۆری ژنان و کچان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، سەرەڕای دۆخی سەخت و نالەباری ئەمنی، لە کار و تێکۆشانی تەشکیلاتی و هەروەها چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بەشدارن و نەبڕاوانە ئەرک و چالاکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە بەڕێوە دەبەن.

بێ گۆمان بەشداری چاونەترسانەی ژنان و کچانی خۆڕاگری وڵات لە تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی، هەنگاوێکی کاریگەر و شوێندانەر دەبێ لە بووژانەوە و هەڵگیرساندنەوەی هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بۆیە هەم ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و هەم ناحەزانی دژە ناسیونالیزمی کوردی لە هەموو پیلانێکی قیزەون بۆ دامرکاندنەوەی ئەو هەستە پیرۆزە کەڵک وەردەگرن و هەوڵ دەدەن ژنان و کچانی وڵاتەکەمان لە دۆزی ڕەوای کوردایەتی دوور بخەنەوە.

هەروەک هەموومان دەزانین بە هۆی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان، گرووپگەلی جیاواز و لە ژێرناوی جۆراوجۆر و بە دەمامکەوە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان سەریان هەڵداوە و بە کەڵکوەرگرتن لە دەستەواژەگەلێکی خەڵک خەڵەتێن هەوڵی بەلاڕێدابردنی بیری کچان و ژنانی کوردستانیان داوە کە نەتەنیا هیچ هەنگاوێکی بە کردەوەیان لە پێناو پراکتیزەکردنی ئەو دروشمانە نەناوە بەڵکوو ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیان کە هەمان دژایەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بووە ئاشکرا کردووە.

ئەو ڕەوتە کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەرچەند باسێکی کزی لە مافی گەلی کورد دەکرد، بەڵام لە ژێر تەوژمی ناوەندگەرایی ئێرانی لوولەی چەکەکانیان دژ بە ناسیونالیزمی کوردی هەڵگەڕاند.

ئەوەی هەر لە سەرەتاوە دیار و بەرچاو بوو و ئێستەش زیاتر خۆی دەنوێنێ ئەو ڕاستییەیە کە ئەم گرووپگەلە لە نێو جەماوەری خەڵکی کوردستان جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبووە و نییە هەربۆیە لە ژێرناوی چەواشەکارانەی وەك ئازادی جێنسی ژنان، لە ماوەی ڕابردوو کۆمەڵێک لە ژنان و کچانی وڵاتیان هەڵخەڵەتاندووە و بە داخەوە ژمارەیەکیان بەلاڕێدا بردووە.

بۆشایی چالاکی ئەحزابی نەتەوەیی لە ساڵانی ڕابردوودا، دۆخێکی وەهای بۆ ناحەزانی گەل و دۆزی ڕەوای نەتەوەیی خۆش کردووە کە ئازادانە و لە ژێر ناوی دروشمی بریقەدار و لاوخەڵەتێن، چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن و هێز و توانای کچان و لاوان بۆ مەرامی دیکە بەلاڕێدا بەرن.

بەڵام دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕاسان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە خۆشییەوە جارێکی تر تەوژمی پڕهێز و توانای نەتەوەخوازی و سەرهەڵدانەوەی بیری نەتەوەیی، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، هەموو سووچ و قوژبنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و لاوانی خوێنگەرم و بە تایبەت کچانی بە ئاوەزی کوردستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆیان تێکەڵی ڕاسان و خەباتی شاخ وشار کردووەتەوە؛ هەربۆیە زۆر زۆر پێویستە بۆ پووچەڵکردنەوەی هەوڵە نەزۆکەکانی گرووپگەلی دژە نەتەوە، کوورەی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر لە جاران گەرم بکرێتەوە و لەم ڕێگەیەوە هەستی شۆڕشگێڕی و دژە زوڵمی لاوان و ژنان لە پێناو نیشتمانپەروەری و کوردایەتی کاناڵیزە و پراکتیزە بکرێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە، زۆر پێویستە تەشکیلاتی ژنانی نێو شارەکانی حیزبی دێموکرات تایبەتییانە چالاک بکرێنەوە و ئەو کەسانەی هەوڵی بەلاڕێدابردنی ژنان و کچانی کورد دەدەن بناسرێن و ڕیسوا بکرێن.

ژنان وکچانی کورد لە ماوەی چەندساڵی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای داواکردنی حیزبی دێموکرات بۆ بەرزڕاگرتنی مەراسمی نەورۆزی جامانەکان نیشانیان داوە کە چەندە پەرۆشی وڵات و کوردایەتین؛

هەربویە زۆر زۆر پێویستە ئەم هێزە پاک و بێگەردە لە پێناو داهاتوویەکی گەش و بووژانەوەی زۆرتری کوردایەتی بە باشترین شێواز سازماندەهی بکرێتەوە.

**بێ گۆمان بەشداری چاونەترسانەی ژنان و کچانی خۆڕاگری وڵات لە تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی، هەنگاوێکی کاریگەر و شوێندانەر دەبێ لە بووژانەوە و هەڵگیرساندنەوەی هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد**

**دوابەدوای ڕاگەیاندنی ڕاسان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە خۆشییەوە جارێکی تر تەوژمی پڕهێز و توانای نەتەوەخوازی و سەرهەڵدانەوەی بیری نەتەوەیی، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، هەموو سووچ و قوژبنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و لاوانی خوێنگەرم و بە تایبەت کچانی بە ئاوەزی کوردستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆیان تێکەڵی ڕاسان و خەباتی شاخ وشار کردووەتەوە**

**وێستگە**

## کچانی شیناوێ داهاتوویان دەوێ!



**نووسین: هێمۆ**

ئەمرۆ ٨ ساڵ بە سەر ڕووداوی دڵتەزێنی قوتابخانەکەی شیناوێدا تێدەپەڕێت، ڕووداوێکی دڵتەزێن کە بەهۆی نابەرپرسایەتیی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، ژیان و داهاتووی کچانی شیناوێی کردە خۆڵەمێش و ئەو منداڵانەی زۆر زوو لەگەڵ خەمەکانی ژیان ئاشنا کرد.

ئەمە تەنیا ڕووداوێکی نەخوازراو نەبوو، ئەمە کارەساتێکی گەورە بوو کە زیاتر لە هەر هۆکارێکی دیکە پێوەندیی بە کوردبوونی ئەو کچانەوە هەبوو.

سیاسەتی پەراوێزخستنی شار و پارێزگاکانی کوردستان و دابین نەکردنی پێداویستییەکان و پشتگوێخستنی کەموکوڕییەکان ئەو هۆکارە سەرەکییەیە کە وای کردووە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چاویان بنووقێنن و هیچ ڕاستییەکی تاڵی کۆمەڵگا نەبینن، جا کە نۆرە دەگاتە کوردی چارەڕەش، هەمیشە کارەساتەکان، پەراوێزخرانەکان و کەمتەرخەمییەکان چەندقات زیادتر دەبنەوە.

کچانی شیناوێ لە کاتی ڕووداوەکەدا تەمەنیان ١٠ ساڵ بوو، ئەو ڕۆژە وەکوو هەموو ڕۆژەکانی دیکە لە مێشکیاندا ئاوات و خۆزگەکانیان و ڕێگای گەیشتنیان بەم ئاواتانەیان دووپات دەکردەوە، بەڵام لە ناکاو ڕووداوێک کە هیچ پێوەندییەکی بە هەڵەی ئەوانیشەوە نەبوو، ژیانی لێ تاریک کردن، ڕەنگە ئەو کات زۆر وەکوو ئێستا هەستیان بە ئازاری گەورەبوون نەکردبێ، بەڵام ئەمرۆ کە ئەوان ١٨ ساڵ لە تەمەنیان تێپەڕ دەکەن، لەگەڵ ڕاستییەک بەرەوڕوون کە هیچکات لەم ٨ ساڵەدا نەیانویست قەبووڵی بکەن. لە ڕاستیدا ڕووداوی شیناوێ تەنیا لەدەستدانی جوانیی ڕواڵەتی ئەو کچانە نەبوو، ئەم ڕووداوە بکوژی داهاتووی کچانی شیناوێ و بنەماڵەکانیان بوو.

لە کۆمەڵگای پڕ لە نەگبەتی ئێراندا، بنەماڵەکان و بەتایبەت بنەماڵە هەژارەکان بە هەزاران سەختی و بە کۆمەڵێک کێشەی گەورە و بچووکەوە، هەوڵ دەدەن تاکوو منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن تاکوو بەپێچەوانەی خۆیان، لە ڕێگەی خوێندنەوە بتوانن داهاتووی خۆیان بونیات بنێن و لە پاڵ ئەوەشدا ببنە ئاسۆیەک بۆ بنەماڵەکەیان، زۆر کەس بە کرێکاری، زۆر کەس بە کۆڵبەری و زۆر کەسیش تەنانەت لە ڕێگەی سواڵکردنەوە هەوڵ دەدەن تاکوو منداڵەکانیان پێ بگەیێنن، بەڵام لە ناکاودا، نابەرپرسایەتی، کەمتەرخەمی و خۆگێلکردنی کاربەدەستانی سەرەوەی کۆمەڵگا، لە نموونەیەکی وەکوو کچانی شیناوێدا، هەموو ئاوات و ئارەزووی بنەماڵەکان دەداتە دەم باوە.

ئەمرۆ ٨ ساڵ بە سەر ئەم ڕووداوەدا تێدەپەڕێت، کچانی شیناوێ لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا باسیان لە ئازارەکانیان کردووە؛ ڕەوتی دەرمانی کچانی شیناوێ بە هیچ شێوەیەک وڵامدەری برینە قورسەکانیان نییە، بە وتەی خۆیان دوو کەس لە کچە سووتاوەکانی شیناوێ بەهۆی گرینگینەدانی کۆماری ئیسلامی بە پرسەکەیان و پشتگوێخستنی دەرمانەکەیان، لە داواکردنی مافەکانیان پاشگەز بوونەتەوە بەڵام ئەوانی دیکە هێشتا پێکەوە خەریکن بۆ وەرگرتنی مافەکانیان، پێکەوە لە سەنگەرێکی هاوبەشدا شەڕ دەکەن.

زۆر جار بە گەروویەکی پڕ لە خۆزگەی خنکاوەوە باسی ئارەزووەکانیان دەکەن، یەکێکیان دەڵێ با جوانیم بۆ نەگەڕێتەوە، من دەمهەوێ داهاتووی خۆم دروست بکەم و کەسێکی باش بۆ کۆمەڵگاکەم بم، یەکێکی دیکەیان دەڵێ من پێم خۆشە گوارە لەگوێ بکەم بەڵام گوێیەکانم سووتاون، یەکێکی دیکەیان دەڵێ بەهۆی سووتانی قامکەکانم ناتوانم کارتی پێناسم هەبێ، یەکێکی دیکەیان دەڵێ تەنیا ئاواتم چاکبوونەوەیە و ...

بەڕاستی تاوانباری سەرەکیی ئەم ڕووداوە کێیە؟ لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کچەکان باسی ڕۆژی ڕووداوەکە دەکەن، دەڵێن مامۆستاکەمان لێمان تووڕە بوو وتی لە جێگای خۆتان مەجووڵێن، من کەسێک دێنم بۆ یارمەتیتان، بەڵام مامۆستاکە هیچکات نەهاتەوە، یەکێکی دیکەیان دەڵێ نازانین ئێستاش لە کوێیە...

لەڕاستیدا هەم ئێمە و هەم کچانی شیناوێش باش دەزانین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەزارەتی پەروەردەی ئەم ڕێژیمە نگریسە لەم چەشنە تاوانانەدا، تاوانباری پلە یەکن، چونکە ئەرکی حکوومەت و دەوڵەتە کە بە دابینکردنی کەرەستەی پێویست و سەرەتایی دەرفەتی خوێندنی یەکسان بۆ منداڵان بخولقێنێ، بەڵام ئایا منداڵانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیش لە شوێنێکی وەکوو قوتابخانەکەی شیناوێدا دەخوێنن؟ ئایا تاکوو ئێستا وەکوو خەوێکی تاڵیش بوویێت شوێنێکی وایان بینیوە؟ ئایا ئەگەر ئەوانە منداڵی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بایان، ڕەوتی دەرمانیان تاکوو ئێستای دەخایاند؟ ئایا منداڵانی ئەوانیش وەکوو منداڵانی کوردستان لەگەڵ خەم و نادادپەروەری ئاشنان؟ بەدڵنیاییەوە کە وڵامی هەموو ئەم پرسیارانە «نا»یە، کچانی شیناوێ بەهۆی ئەوەیکە کوردن و دواتریش بەهۆی کچبوونیان لە زۆر مافی بێئەملاوئەولای خۆیان بێبەری بوون. بە وتەی پارێزەرەکەیان، کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت دیەی ئەو دوو کچەی کە گیانیان لەدەستدا، زۆر کەمتەرخەم بوو، بۆ کچەکانی دیکەش بە هەزاران سەختی توانیویانە دیەی تەواویان بۆ وەرگرن.

کچانی شیناوێ نموونەی هەرەبەرچاوی کچان و ژنانی غەدرلێکراوی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانن. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە ژنان بە دڕندانەترین شێوە بەردباران دەکەن، هیچکات چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێ کە لە پێدانی مافی کچانی شیناوێ و باقی کچانی ئێراندا ئینسافیان هەبێت.

کچانی شیناوێ نموونەی بەرچاوی کچانی ستەملێکراوی کوردستانن، ئەوان تەنیا و تەنیا داهاتوویەکی ڕوونیان دەوێ، ئەوان دەیانهەوێ وەکوو هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا هەناسەیەکی ئازاد و بە دوور لە خەم هەڵمژن.

# دژبەرەکانی تاران سوورن لە سەر لاوازکردنی ئەو ڕێژیمە



محەممەد سلێمانی

کوژرانی زانای ناوکی و بەرگری سەربازی ڕێژیمی ئاخوندی ئێران، «موحسین فەخریزادە» وەك دیارترین سیمای بواری پەرەپێدان بەتوانا ئەتۆمییەکانی ئەو وڵاتە و لە نزیك پێتەختی سیاسیدا جگە لەوەی، زیانێکی گەورەی بە پڕۆگرامی «ناوکی» و پڕ لە ژانەسەری تاران گەیاند، بە دڵنیاییەوە پەردەی لەسەر کۆمەڵێك خاڵی لاوازی سیاسی و ئەمنی ڕێژیمی تارانیش هەڵدایەوە. هەر وەك ئاشکرایە، ئەوە یەکەم جار نییە زاناکانی ئەو بوارە لە سێبەری حوکمڕانی ئەو دەسەڵاتەدا دەکرێنە ئامانج و لە نێوخۆدا لە نێو دەبرێن.

کوژرانی فەخریزادە بەو سانایە و لە قووڵایی شوێنی نیشتەجێبوونی بەرپرسە باڵاکانی حکوومەتی ئێراندا، بێگومان ئەو جادووەی ڕێژیمی بە تەواوی بەتاڵکرد و خاڵی لاوازی ئاسایشی حکوومەتی دەرخست کە لە چ ئاستێکی خراپدان و چەندە پێکەوە دژ و پێکناکۆکن و غیرەی بە هەبوونی سیما کاریگەرەکانی نێو بازنەی حوکمڕانی وڵاتەکەیان دەکەن و بە سانایی لە نێو دەبرێن و کە خۆشیان بەشێکی گرینگی ڕووداوەکانن.

دژبەرە سەرەکییەکانی تاران سوورن لە سەر سنووردارکردنی تاران و بەئامانج گرتنی فەخریزادەش بێگومان زادەی ئەو تیئۆرییە تازەیە بوو.

ڕێژیمی ئێران لە دۆخێکی دژواری سیاسی و ئابووری و ئاسایشیی گەلێك خراپدایە و بە هاتوهاواریش ناتوانن پارسەنگی ڕووداوەکان کە لە سەر ئاستی ناوچەییدا بەخێرایی خەریکە ڕوو دەدەن، بە سوودی نیزامە گەندەڵ و دیکتاتۆرەکەیان بگۆڕن، لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی هەڵکەوتی ستراتیژی سیاسی و ئابوورییەکەی، بەتەنیا وڵاتێك ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەردا فەرز بکات و زلهێزەکان بەگشتی هەوڵیان داوە زیاتر پێگەی خۆیان بەهێز بکەن لەو ناوەدا و ئەگەر وڵاتێك بێتە سەر ڕێگایان لە نێوی دەبەن.

پێناچێت کاربەدەستانی تاران لە کەشوهەوای سیاسی ئەمنی وەك ئەمڕۆدا بەتەواوی هەست بە ئامان بکەن و کەشێکی ئەوتۆ لە نێو بەشێك لە بەرپرسانی نیزامی ئاخوندیدا پێك هاتووە کە تەنانەت گومان لە کەسە نزیك و هاوتەریبەکانی خۆشیان دەکەن و زۆرێك لە شارەزایانی سیاسی و ئەمنی لەو بڕوایەدان کە دژبەرانی دەسەڵاتی تاران بە باشی نفووزیان کردۆتە نێو جوومگە سەرەکییەکانی حکوومەت و هەر کەسێك بیانهەوێت بە سانایی بە ئامانجی دەگرن و لە نێوی دەبەن.

ڕێژیمی ئاخوندی کە بە سەرچاوەی ڕەشەکوژی و تیرۆری سیاسی دژبەرانی لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ناوبانگی دەرکردووە، لە دۆخێکدایە کە تەنانەت ناتوانن بەرپرسە باڵا و ستەمکارەکانیشیان بەهۆی لێکترازان و ڕفتارە خراپەکانیان لە سەرئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا لە شەپۆلی لەنێوچوونی یەك بەدوای یەك بپارێزن.

پاش ئەو ڕووداوە کاربەدەستانی باڵای سیاسی ڕێژیمی تاران زۆر بە خێرایی قامکی تاوانیان بۆ ئیسرائیل ڕاداشت و هەروەك پیشەی هەمیشەییان بە زمانێکی توند و تۆڵەکردنەوە لەو پەیوەندییەدا ڕوانینی خۆیان دەربڕی و هەریەك لەلای خۆی بڕیاری تۆڵەکردنەوەی دا، لەکاتێکدا حکوومەتی تێلاڤیڤی زۆر بوێرانە شەڕی خۆی بەدژی تاران لە سووریە و ئێران دەمێکە دەست پێکردووە و پێگە سەربازی و بەرگرییەکانی تاران دەکاتە ئامانجی گورزە سەربازییەکانی.

ئاماژەکردن بە جەوهەری بنەڕەتی خاڵێك لە پەیوەندی لەگەڵ کوژرانی موحسین فەخریزادە لە قووڵایی ستراتیژی سیاسی و ئەمنی دەسەڵاتی تاراندا، جگە لە نیشاندانی بێ هێزی توانا سەربازی و هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتە، دەرکەوت کە تەنانەت هاوبەش و دۆستەکانی تارانیش گەرەکیان نییە ڕێژیمی ئاخوندی دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات و تا ئەو جێگایە لەگەڵ هەنگاوە سیاسییەکانی تاراندان کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان دروست نەبێ.

بەهێزبوونی توانا بەرگری و دەستڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئاخوندی وەك دەسەڵاتێکی داخراو و مەزهەبی، جگە لە هەڕەشەکردن لە تێکدانی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییە نێودەوڵەتییەکان و تێکدانی هاوسەنگی سیاسی و ئابووری و کۆنترۆڵکردنی هەرێمە ستراتیژییەکان کە قازانج و خێری جگە لە تاران بۆ هیچ وڵاتێك نابێت بە سوودی خۆیان نازانن و ئەگەر هاوکاری ئەو گورزە سەربازییانەش نەبن بەدژی تاران، لەسەری بەجواب نایەن.

وەختێك تاران دەرفەتی بەهێزتربوونی پێ بدرێت، بێگومان ڕاستەوخۆ مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست دەکات و دەرفەتی فراوانخوازی زیاتری بۆ دێتە بەرەوە کە ئەوەش بە سوودی هیچ لایەك نابێت و ئەو کات تەنانەت گوێ بۆ چین و ڕووسیەش ناگرێ و بە ئارەزووی دڵی خۆیان بڕیار و قەرارە سیاسی و سەربازییەکانیان بە سەر وڵاتانی لاوازی ناوچەییدا فەرز دەکەن.

دوو وڵاتی وەك چین و ڕووسیە لە پەیوەندی لەگەڵ کوژرانی قاسم سلێمانی و فەخریزادە هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبووە کە بە دڵی تاران بێ و لانیکەم تاران چاوەڕوان بوو سیگناڵی هاوسۆزی و پشتیوانی ئەو دوو وڵاتەی بە مەیلی خۆی پێ بگات و بەتوندی هێرش بکەنە سەر ئەمریکا و ئیسرائیل.

جارێ ئێران و ڕووسیە لە مێژووی کۆن و هێندێك جار نوێشدا لێکهەڵەبەزینەوەیان پێکەوە هەبووە و مسکۆ لە هەموو کردارە سەربازییەکانی تاران لە سووریە ڕازی نییە، بەڵام بە هۆی دۆخی سیاسی و هەستیاری ئەوێ هەوڵی نەداوە بە توندی دەسەڵاتی ئێران لەوێ سنووردار بکات.

ئەو ڕووداوانەی بەسەر ئێراندا دێن زیاتر دوورەپەرێزی ئەو وڵاتە دەردەخەن و ئەگەر وڵاتانێك بە هۆی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوورییان تا ڕادەیەك هەڵوێستیان بە دڵی تاران بێت، بەڵام هەرگیز لە کرداردا ئەوە ڕوونادات و ئەگەر بێت و تاران بکەوێتە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل وڵاتێك نایەت لە سەنگەری تاراندا شەڕ بکات.

سەرەنجام دەرکەوت کە دۆستەکانی تارانیش لایەنگری لە توانا بەرگرییەکانی و پڕۆگرامی ناوکی تاران ناکەن و بە دڵ پێیان خۆشە باوکی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران لە نێوبراوە، چوونکە تێکچوونی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان جگە لە زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی وڵاتانی پیشەسازی و بە هێزی نێودەوڵەتی و ناوچەیی خێرێکی تری نەدەبوو.

بێگومان ئەو بۆچوونە زۆر لە شوێنی خۆیدا نییە کە دەگوترێت حکوومەتی تاران وەك پێویست ئاسایشی گیانیی فەخریزادەی نەپاراستووە و پێیان وایە زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی هاتووچۆی کردووە و پارێزەریی شیاوی لێ نەکراوە. جەوهەری قسەکە ئەوەیە کە ئەو شوێنەی ئەو ڕووداوەی تێدا ڕووی داوە بەگشتی شوێنی جووڵە و هاتووچۆی شوێنی کاری زانای ناوکی ئێران بە ناوچەیەکی دیاریکراودا بووە کە تایبەتە بە کاربەدەستانی باڵای سیاسی و سەربازی ئەو وڵاتە و ئاسایشی بەتەواوی پارێزراوە و بەڕێوەبردنی چالاکییەکی لەو جۆرە بە بێ دەستێکی باڵای نێوخۆیی فرە دژوارە.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی تیشك بخرێتە سەر پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی حکوومەتی ئاخوندی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەو بەرەیە کە بە دژبەری سەرەکی ڕێژیمی ئاخوندی و پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێران ناسراون، دەمێکە ئەو وڵاتانە نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە توانا بەرگری و ئەتۆمییەکانی تاران خستۆتە ڕوو و ئیسرائیل بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە ئێران بە مەترسی لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی خۆی دەزانێ و ڕێگا نادات لە بواری ناوکیدا زیاتر پەرە بە تواناکانی بدات؛

کەوابوو زۆر سروشتییە کە کردارێکی بوێرانەی لەو چەشنە بەدژی نەیاری سیاسی و مێژوویی ئەنجام بدات و پێش بەپەرەپێدانی ئەو بوارەی ڕێژیمی ئێران بگرێ بە هەر ڕێگایەکدا بۆی بلوێ.

تاران بەو ڕاگەیاندن و لێدوانە جۆربەجۆرانەی کە لەسەر ئاستە سیاسی و سەربازییەکاندا لەو ماوەیەدا هەیانبووە، کۆمەڵێك خاڵی زیاتر شلوێ کردن و ئەگەر حکوومەتی ئاخوندی تا دوێنێ هیوای لەسەر ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆشکی سپی هەڵچنیبوون، بەو زمانە زبرو توندئاژۆیان، بۆ جارێکی تر سووربوونی خۆیان لەسەر ڕفتار و دژایەتی توندی نەیارەکانیان و بەدیاریکراویش ئەمریکا و ئیسرائیل دەربڕییەوە.

ئەو بۆچوونەش لە بنەڕەتدا لە جێگای خۆیدا نییە کە بگوترێ کوژرانی فەخریزادە ئاڵۆزی دەخاتە نێوان پەیوەندییەکانی واشنگتۆن و تاران، بەڵکوو دەمێکە ئەو دوو وڵاتە بە دژوارترین و ئاڵۆزترین دۆخدا بەیەکەوە لە ململانێی توندان و ئیدارەی نوێی ئەمریکاش ناتوانێت دەرفەتی هەستانەی زیاتر بە تاران بدات.

مێژووی ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە زیاتر لە چوار دەیەیە دەستی پێکردووە و بارگرژییەکانی نێوانیان هەرگیز بە ڕادەی ئەو چەند ساڵەی دوایی شلوێ و پڕ لە مەترسی نەبووە و لە بەر ئەوەی حکوومەتی تاران بە ئاشکرا داری لەگەڵ ئەمریکادا لە بەرئاوێ ناوە و بە جددی کار بۆ لاوازکردنی پێگە و نفووزی دەکات و ڕێژیمی تاران هەرکارێك دەکات بۆ ئەوەی هێزی خۆی بەسەر ناوچەکەدا فەرزبکا و لە ژێر گوشاری توند و تیرۆرکردن و ئاژاوەنانەوەی زیاتر مەیدان بە دژبەرانی چۆڵ بکا.

ئەو هەڵسوکەوتەی تاران جێگای پەسندی وڵاتانی ناوچەکە نییە و وڵاتانی عەرەبی لە ئێستادا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییان بەتەواوی بڕیاری نزیکبوونەوەیان لە ئیسرائیل داوە، کە ئەوەش بێگومان بەتەواوی بە زیانی تاران شکاوەتەوە.

تاران هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی هەرچی زووتر پڕۆگرامی ناوکی خۆی بە ئاکام بگەیەنێ و لەو ڕێگایەوە مەترسی زیاتر لەسەر دژبەرەکانی دروست بکا و پاشان هەنگاو بەرەو فراوانتربوونی هەژموونی خۆی بدات و بە ڕێگای هێزدا کێشەکانی لەگەڵ نەیارەکانی چارەسەر بکات، کە ئەو بژاردەیەش بە نۆرەی خۆی زیاتر دەسەڵاتی تاران دەخاتە نێو گێژاو و بەرەو داڕمانی دەبات.

سیاسەتی ئەمریکا لەهەمبەر ئێراندا ڕوونە و وڵاتێکی بەهێزی دژبەری خۆی ناوێت کە لە هەموو بوارێکدا دژایەتی پێگە و نفووزی لە سەر ئاستی هەرێمایەتیدا بکات و تەنانەت تاران پێبەندی هیچ جۆرە ڕێککەوتن و گونجانێك نەبووە و بەردەوام هەڕەشەی لە دۆست و هاوبەشە سیاسی و ستراتیژییەکانی واشنگتۆن کردووە و، تاران بە هۆکاری بنەڕەتی ناکۆکییە ناوچەییەکان دەزانێ و چاوەڕوان دەکرێ گوشارەکانی سەر تاران زیاتر بکرێن، لەوەی سووك بکرێن.

بەر لە کوژرانی موحسین فەخریزادەش پەیوەندییەکانی تاران و واشنگتۆن ئاڵۆز بووە و هەرلایەك هەوڵی لەنێوبردنی ئەوی تری داوە و بێگومان ئەو دوو وڵاتە کۆمەڵێك خاڵی گەورە و جێناکۆکیان پێکەوە هەیە و بە هیچ جۆرێك لەگەڵ یەکدا هەڵ ناکەن و چاوەڕوان ناکرێ پاش دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی، بەو زووانە ئاوێك بە ئاگری ناکۆکییە ڕیشەییەکانی ئەمریکا و ئێراندا بکرێت و لە کەشوهەوایەکی ئارامدا دیالۆگ ئەنجام بدەن.

**کوژرانی فەخریزادە بەو سانایە و لە قووڵایی شوێنی نیشتەجێبوونی بەرپرسە باڵاکانی حکوومەتی ئێراندا، بێگومان ئەو جادووەی ڕێژیمی  بە تەواوی بەتاڵکرد و خاڵی لاوازی ئاسایشی حکوومەتی دەرخست کە لە چ ئاستێکی خراپدان و چەندە پێکەوە دژ و پێکناکۆکن و غیرەی بە هەبوونی سیما کاریگەرەکانی نێو بازنەی حوکمڕانی وڵاتەکەیان دەکەن و بە سانایی لە نێو دەبرێن و کە خۆشیان بەشێکی گرینگی ڕووداوەکانن**

**وەختێک تاران دەرفەتی بەهێزتربوونی پێ بدرێت، بێگومان ڕاستەوخۆ مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست دەکات و دەرفەتی فراوانخوازی زیاتری بۆ دێتە بەرەوە کە ئەوەش بە سوودی هیچ لایەک نابێت و ئەو کات تەنانەت گوێ بۆ چین و ڕووسیەش ناگرێ و بە ئارەزووی دڵی خۆیان بڕیار و قەرارە سیاسی و سەربازییەکانیان بە سەر**

**تاران هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی هەرچی زووتر پڕۆگرامی ناوکی خۆی بە ئاکام بگەیەنێ و لەو ڕێگایەوە مەترسی زیاتر لەسەر دژبەرەکانی دروست بکا و پاشان هەنگاو بەرەو فراوانتربوونی هەژموونی خۆی بدات و بە ڕێگای هێزدا کێشەکانی لەگەڵ نەیارەکانی چارەسەر بکات، کە ئەو بژاردەیەش بە نۆرەی خۆی زیاتر دەسەڵاتی تاران دەخاتە نێو گێژاو و بەرەو داڕمانی دەبات**

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی بیست و سێهەم

**چۆن بیرکردنەوەی کرداری بەهێز بکەین:**
هەر وەک پێشتریش باس کرا بیرکردنەوەی کرداری یانی بەشێوەی دروست و پراکتیکی بیرکردنەوە، بیرکردنەوەیەک کە ئەرێنی و پەسەند بێت و لەڕاستیدا مرۆڤ بتوانێت بەکردەوەییان بکات. بۆ بەهێزکردنی بیرکردنەوەی کرداری ئەو خاڵانەی خوارەوە بەڕێوە بەرە:
- بۆ بیرکردنەوەی کرداری بەرچاوڕوونیت هەبێ. دەنگێک یا شتێک بکە بە هێما بۆ ئەوەی ڕۆژانە بیرکردنەوەی کرداریت وەبیر بێنێتەوە. بۆوێنە زەنگلێدانی تەلەفونەکەت لە کاتێکی دیاریکراودا، نوسینی چەند وشەیەک لە کوتەپەڕێک و لە بەفرگر(یەخچاڵ) یان لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بدە بۆ ئەوەی لەبەر چاوت بێت.
- کردنی هێندێک چالاکی یا کار بۆ بەکردەوەییکردنی بیرەکردارییەکانت. بۆوێنە کاتێک دەچی بۆ گەڕان یا بۆ تامکردنی خواردنێک لە هەر پێنج هەستیارەکانی لەشت کەڵک وەرگرە.
- هەوڵ بدە کەسێکی کۆڵەرەوە یان کونجکۆڵ و گوێڕاگر بی.
لیستەیەک لەسەر ئەو کارانە و چالاکییانەی کە دەبێ بیانکەی بنووسە بۆ ئەوەی هەم باشتر وەبیرت بێنەوە و هەم بە بەهرە و کارتێکەرتر بی.
- لیستەیەک لەسەر ئەو کار و چالاکییانە بنووسە کە کردوتن و ئەوانەی تێیاندا سەرکەوتوو بویە، دەستنیشانیان بکە.
- لیستەیەک لەسەر ئەو کارانەی کە دەبێ لە درێژایی ڕۆژدا بیانکەی، بنووسە.
- لەسەر بیرکردنەوەی کرداری خۆت لەگەڵ کەسانی دیکە کە جێگای متمانەن، قسە بکە. ئەزموونەکانت لەگەڵیاندا دابەش بکە و هانیان بدە بۆ ئەوەی ئەوانیش بیرکردنەوەی کرداری خۆیان بەهێز بکەن، بەشێوەیەک کە هەم خۆت زانیاریت زیاد دەبێ و وریا دەبی، هەم یارمەتی کەسانی دیکەشت داوە.
- بۆ ماوەی ٣ هەتا ٥ خولەک (دەقیقە) دەست بکە بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ یان یۆگا.

**چۆن بە قووڵی بیر بکەینەوە؟**
Francis de Sales (١٥٦٧–١٦٢٢) سەرۆک قەشەی سەدەی شازدەیەمی فەرانسەوی دەڵێت: بۆ ماوەی ٣٠ خولەک کات بەکارهێنان بۆ ئەوەی بە قووڵی بیر بکەینەوە پێداویستییەکی ڕۆژانەیە. بەڵام ئەگەر ڕۆژانە زۆر سەرقاڵی، ئەوە پێویستە کاتژمێرێک کات بۆ بیرکردنەوە بکار بێنی. بە قووڵی بیرکردنەوە شێوازێک لە ڕاهێنانە بۆ ئارامکردنەوە و حەساندنەوەی مێشک و جەستە، بۆ خۆدوورکردنەوە لە هەستە نەرێنییەکان و زیاتر ئەرێنی بیرکردنەوە. کاتێک مێشک ئارام دەبێتە، تووڕەیی، ترس، ڕق، ناخۆشی، ڕەشبینی، ناهومێدی لە نێو ڕۆحی مرۆڤدا کەم دەبێتە و هەستە ئەرێنییەکان، گەشبینی و بیری داهێنان زیاد دەبێت. هێزی بیرکردنەوەمان زیاد دەبێت و زیاتر سپاسگوزار دەبین و باشتر دەتوانین کۆنترۆڵی هەستە نەرێنییەکانمان بکەین.
دوو شێوازی بەقووڵی بیرکردنەوە

**شێوازی یەکەم:**
لە شوێنێکی ئارام و هێمن دانیشە، بە شێوەیەک کە پشتت ڕێک بێت و بەباشی هەناسە هەڵمژی. چاوەکانت لەسەر یەک دانێ بە ئارامی و ئاسوودەیی هەناسە هەڵکێشە و هەوڵ بدە هەموو چڕبوونەوەت لەسەر هەناسەکێشان بێت. چ هەستێکت هەیە کاتێک هەناسە هەڵدەمژی و هەناسە دەدەیە دەرەوە؟ بزانە چ هەست دەکەی کاتێک هەناسەکەت بە ناو لەشتدا دەگەڕێت؟ بە ئارامی دەستەکانت لەسەر زگت دانێ و هەوڵ بدە بە قووڵی هەناسە هەڵکێشی. ئەوە ئاساییە کە مرۆڤ لەو کاتانەدا خەیاڵی بڕوات و بیر لەوە بکاتەوە و بڵێت ‹‹دەرەنگە دەبێ بچم بۆ کار.›› یا بڵێت ‹‹من ئەوشەو زۆر خراپ نوستووم›› یا بیری تر.... هەوڵ بدە بیر لە هیچ نەکەیەوە و تەنیا چڕبوونەوەت لەسەر هەناسە هەڵکێشانەکەت بێت. گرنگ ئەوەیە کە: با هۆش و مێشکت لە حاڵی گەڕان یان خولانەوەدا بێت، بەشێوەیەک کە هەست بە بیرەکانت بکەی. زیاتر بیر لە هەستە ئەرێنییەکان بکەوە و هەوڵ بدە بیرەکانت ڕەها بکەی. دووبارە لەسەر هەناسە هەڵمژینەکەت چڕ بەوە و کۆنترۆڵت لەسەر چڕبوونەوەکەت هەبێت. ئەگەر دەزانی ئاسان نییە تەنیا لەسەر هەناسە هەڵمژین چڕ بەوە یان دەتوانی لەسەر وشەیەکی باش، گۆرانییەک یا وێنەیەکی جوان چڕ ببیەوە. بە قووڵی بیرکردنەوە کاریگەری لەسەر مێشک دەبێت و هەر بۆیە وا باشە زیاتر بیرکردنەوەکانت لەسەر هەستە ئەرێنییەکان بێت، لەو کاتەدا هەموو لەشت ئارام دەبێتەوە. ئارامبوونەوەی لەش هۆکارە بۆ ئارامبوونەوەی دەروونی و کەمبوونەوەی تووڕەیی و ترس. ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ زیاتر هەست بە خۆشی و بەهێزی جەستەیی و فکری بکات. هەروەها کەڵکوەرگرتن یان ڕاهێنان کردن لەسەر «بە قووڵی بیرکردنەوە» بۆ ماوەی هەشت حەوتوو کاریگەری زۆری دەبێت نەک هەر لەسەر مێشک بەڵکوو لەسەر هەموو جەستە، ئارامی لەش، زیادبوونی هەستە ئەرێنییەکان، کەمبوونەوەی گوشاری ڕۆحی و جەستەیی و تەنانەت خەمۆکیش. بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی بەهێز و ئەرێنیت هەبێت، باشە ئەو ڕاهێنانە ‹‹بە قووڵی بیرکردنەوە›› لە کاتی بەیانیان بکرێ. سەرەتایەکی باشە بۆ دەسپێکی ڕۆژەکەت. بیر لە ڕووداوەکانی ڕۆژی پێشوو بکەوە، خراپەکان ڕەها بکە با بڕۆن. بیربکەوە کە ئەوڕۆکە باشتر دەبێت لە دوێنێ. ئەو ڕاهێنانە بەتایبەت لە کاتی بەیانیاندا هێزی هۆش و بیرکردنەوە زیاد دەکات.

**شێوازی دووەم:**
لە هەر شوێنێک بی تەنیا ئارامیت هەبێت، دەتوانی ئەو ڕاهێنانە یانی ‹‹بە قووڵی بیرکردنەوە›› بۆ ماوەی ١٥ خولەک ئەنجام بدەی یا دەتوانی بە هەبوونی تێنووس و پێنووسێک ئەو کارە بکەی. ئەو تێنووسە هاندەر دەبێت بۆ ئەوەی هەستی ئەرێنیت لا دروست بێت. بە ئارامی دانیشە و چاوەکانت لەسەر یەک دانێ و بە ئارامی هەناسە هەڵمژە و بیر بکەوە کە چ بنووسی:
١. هەموو ئەو شتە باشانەی کە تۆ سپاسگوزاری بۆ ڕوودانیان و هەموو ئەو شتانەی کە تۆ دڵخۆشی بە بوونیان بنووسە، بۆ وێنە خۆر هەڵاتووە، بەفر دەبارێت و تۆش لە پەنجەرەڕا تێی ڕاماوی، بنەماڵەکەت، دۆستەکانت، کارەکەت یا... هتد. سێ دانە لەو شتانە بنووسە.
٢. ئارام هەناسە هەڵمژە. بیر بکەوە ڕۆژی ڕابردوو یا چەند ڕۆژ پێش چت کردووە کە تۆ زۆر پێی ڕازی و دڵخۆش بووی؟ چی لێرا فێر بووی؟ بۆوێنە تۆ چالاکتر بووی لە گوێڕاگرتن، خۆڕاگرتر بووی و لەسەرەخۆییت زیاتر بووە، کارێکی باشت کردووە، خەڵات کراوی، و .... هتد. ئاماژە بە سێ شتی گرینگ بکە.
٣. دووبارە ئارام بە و هەناسە هەڵمژە و بیر بکەوە. پێت وابێت یا وا خەیاڵ بکە کە تۆ ڕازی بە هەموو ئەو شتانەی کە هەتە یا پێیان گەیشتووی. هەناسە هەڵمژینەکەت توندتر بکە. چڕ بەوە لەسەر ئەوەی کە مەودای هەناسەهەڵمژین و هەناسەدانەدەرەوەت، بەقەد یەک بێت. ١٠ جاران بە توندی ئەو کارە بکە، دووبارە هەوڵ بدە بە ئارامی و هێمنی هەناسە بکێشی.
٤.بیر بکەوە ئەوڕۆکە پێت خۆشە چ بکەی؟ بۆوێنە: توانای وزە یا داهێنانی بەرهەمی باشتر هەیە، بۆ ماوەی خولەکێک چاوەکانت لەسەر یەک دانێ و وێڕای ئەوەیکە بە ئارامی هەناسە هەڵدەمژی داخوازییەکەت بێنە بەرچاو. ئەگەر هەست دەکەی بە بیرکردنەوە بە شتی دیکە، ڕایەڵەی بیرکردنەوەت دەپچڕێت مەهێڵە و زوو بیر لە داخوازییەکەت بکەوە. دوای خولەکێک چاوەکانت بکەوە و بە ڕووخۆشی پێشوازی لە ڕۆژە تازەکەت بکە!


| کەسی گەشبین | کەسی ڕەشبین |
| --- | --- |
| لەکاتی ڕوودانی هەڵەیەکدا دەڵێت: «هەرتەنیا هەڵەی من نەبوو بەڵکو هەڵەی کەسێکی دیکەش بوو» | لەکاتی ڕوودانی هەڵەیەکدا دەڵێت: « تەنیا هەڵەی من بوو » |
| لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێکدا دەڵێت: «ئەو ڕووداوە ناخۆشە بەسەر دەچێ» | لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێکدا دەڵێت: «ئەو ڕووداوە ناخۆشە هەموو کاتێک ئازارم دەدات» |
| تێڕوانینی بۆ شتەکان: «ئەوە سروشتییە کە هێندێک شت باش نەبێت» | تێڕوانینی بۆ شتەکان: «هەموو شتێک خراپ و نەرێنییە» |

## ٥،٧گەشبینی: بیرکردنەوەی ئەرێنی

Abraham Lincoln (١٨٠٩ – ١٨٦٥) شازدەیەمین سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت: «هێندێک کەس ئەوەندە بەختەوەر و دڵخۆشن، دەڵێی بڕیاریان داوە هەروا بن.» بیرکردنەوەی ئەرێنی و هەستی گەشبینی دەورێکی کاریگەری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و هۆکارە بۆ هەبوونی تەندروستی باش، وزەی زۆر، ئارامی و ڕەزامەندی دەروونی. گەشبینی هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕوای زۆری بە خۆی هەبێت کە ئەو بڕوابەخۆبوونەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ مرۆڤ کاتێک ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبێتەوە. کەسێکی گەشبین لە کاتوساتە دژوارەکاندا هیوا و ئومێد بەرنادات و توانا و وزەی باشتری هەیە بۆ تێپەڕاندن و زاڵبوون بەسەر کەندوکۆسپەکاندا. ڕەشبینی، پێچەوانەی گەشبینییە. مرۆڤی ڕەشبین بیرکردنەوەکانی نەرێنییە و بەردەوام چاویلکەی ڕەشبینی لە چاودایە، هەر بۆیە هەموو کات جیهان بە تاریکی دەبینێت. بڕوابەخۆبوونی زۆر لاوازە و هەردەم شڵەژاو و دڵەڕاوکێی هەیە. توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کێشە و چارەسەرکردنیان زۆر لاوازە و خێرا هیوا و ئومێد لەدەست دەدات. بەپێچەوانەی مرۆڤە گەشبینەکان کە لە نێو تاریکیشدا بەدوای ترووسکایی دەگەڕێن بەڵام ڕەشبینەکان دونیای ڕووناکیش بە تاریکی دەبینن و لەبەرامبەر کەندوکۆسپەکاندا دەستەوەستان دادەمێنن و ترس و بێهیوایی هەموو لەشیان وەک تەونی جاڵجاڵۆکە دادەپۆشێت و دەست دەکەن بە بەکارهێنانی وشەی نەرێنی وەک: من زۆر بەدبەختم، قەت شانسم نییە، قەت ناتوانم سەرکەوتوو بم، توانای هیچ کارێکم نییە و .... هتد.

## جیاوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی گەشبین و ڕەشبین

بۆوێنە تۆ وەک کۆڕگێڕ لە سیمینارێکدا بەشدار دەبیت و لە باسەکەتدا زۆر سەرکەوتوو نابی یان بڵێین ناوەڕۆکی باسەکەت زۆر باش نابێت. ئەگەر کەسێکی گەشبین بی دەڵێیت: ‹‹باسەکەم زۆر باش نەبوو. لەبەر ئەوەی من ئەو چەند شەوی کۆتایی لە باتی کارکردن لەسەر باسەکەم هەر خەوتووم. کچەکەم نەخۆش بوو زۆرتر ئاگام لەو بوو. حەوتووی ڕابردوو لە فلان شوێن کۆڕگێڕ بووم زۆر باشتر بووم. من شارەزایی و زانیاریم لەسەر زۆر بابەتی تر هەیە. بۆ جارێکی دیکە زیاتر کات تەرخان دەکەم بۆ خۆئامادەکردن و ...››. ئاکامی ئەو شێوە بیرکردنەوە و قسەکردنە ئەوەیە کە ئەتۆ بڕوات بەخۆت هەیە و زۆر ئەرێنی لەسەر خۆت بیر دەکەیەوە و بەردەوام پێشاندەدەی کە دەتوانی باشتر بی و وزەت هەیە بۆ کاری زیاتر و خۆئامادەکردنی باشتر لە داهاتوودا. بەڵام بەپێچەوانەکەی مرۆڤی ڕەشبین دەڵێت: ‹‹ئەمن کۆڕگێڕێکی باش نیم. ناتوانم و هەر جارەش بەشێوەیەک باسەکانم خراپ دەکەم. من ناتوانم وەک کۆڕگێڕ هاندەری خەڵک بم. قەت پێموانییە بتوانم جاری داهاتوو باشتر بم. هەرچی دەکەم هەر خراپتر دەبێت و ...››. ئاکامی ئەو شێوە بیرکردنەوە لەسەر خۆت ئەوەیە: نارەحەت و دڵتەنگبوون، لەدەستدانی وزە، نەمانی پاڵپێنەر یان هۆکار بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وەک کۆڕگێڕ بەشدار بی. کلێشە یان خشتەی خوارەوە، هەڵوێست و شێوەی بیرکردنەوەی کەسێکی گەشبین و کەسێکی ڕەشبین لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێکی نەرێنیدا نیشان دەدات:
ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت بەردەوام گەشبین بێت، گرنگە هاوسەنگی نێوان ئەو دووانە بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوەی مرۆڤی ڕەشبین هەموو کاتێک تێڕوانینی بۆ خۆی نەرێنییە و واهەست دەکات قەت ناتوانێت مرۆڤێکی سەرکەوتوو بێت، ئەو شێوە تێڕوانینە هەستێکی نەرێنی دەدات و مرۆڤ واهەست دەکات کە هەموو کەسێک بەو شێوە دەڕواننە ئەو. ئەوەش بەردەوام هۆکارە بۆ ئەوەی ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە دڵەڕاوکێی هەبێ.




بەباشی لێدوانەکانی خاڵی» ئەلف و بێ« کە لە خوارەوە هاتوون بخوێنەوە و بزانە خۆت لە نێو کامیاندا دەدۆزییەوە، ئەلف یان بێ؟

**ئەلف:**
- هەر شتێک کە زانیم باشە، حەز دەکەم تاقی بکەمەوە، یانی لە تاقیکردنەوە ناترسێم.
- کاتێک حەزم لە شتێک یا کارێک بێت و لە توانامدا هەبێت، بە زووترین کات هەوڵی بۆ دەدەم بۆ ئەوەی بەدەستی بێنم یان بیکەم.
- کردنی کارێکی باش یا ڕووداوێکی باش کاریگەری زۆری لەسەر من دەبێت.
- زۆرجار هەوڵ دەدەم پاڵپێنەر یان هاندەر بم، یانی هانی خۆم و کەسانی دیکەش دەدەم.

**بێ:**
- من زۆر شت ناوێرم بکەم، دەترسێم کە نەکا هەڵە بکەم.
- کاتێک دەنگم دەدەن یان ڕەخنەم لێ دەگرن زۆر پێی دڵتەنگ و تووڕە دەبم.
- من زۆر نیگەران دەبم کاتێک هەست دەکەم شتێکی خراپ یا هەڵەیەکم کردووە.
لەچاوهاوڕێیەکانم من زۆر دڵەڕاوکێم هەیە.

ئەو کەسەی واهەست دەکات کە کەسایەتی وی زیاتر لەگەڵ لێدوانەکانی ‹‹ئەلف››دا گونجاوترە، کەسێکە تێڕوانینی بۆ خەڵک بە شێوەی ئەرێنییە و حەز دەکات خۆ لە خەڵک نزیک کاتەوە. بەڵام ئەو کەسەی کە واهەست دەکات کەسایەتی وی زیاتر لەگەڵ لێدوانەکانی » بێ « دا گونجاوترن هەتا «ئەلف»، کەسێکە کە پارێز لە خەڵکی دەکات و هەوڵ دەدات بەردەوام لە خەڵک دوور بکەوێتەوە.

## تیۆری هیوا یان هومێد

مەبەست لە تیۆر، بەشی زانستی و ڕوانگەی فەلسەفیانە و لۆژیکی بابەتەکەیە. یانی توێژینەوە و تاقیکردنەوەی زانستیانە لەسەر بابەتەکە کراوە و بە بەڵگە ڕاستیەتی سەلمێندراوە. هەبوونی هیوا بەشێکە لە گەشبینی مرۆڤەکان. هیوا جیاوازە لەگەڵ هەبوونی خەیاڵات و بەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە وەک:
١. ویستن و ئارەزووکردن: ویستن و ئارەزووکردن هۆکاری دروستبوونی هانە (ئەنگیزە) یە و مرۆڤ پاڵپێوەدەنێ یان هاندەدات بۆ گەیشتن بە ئامانج.
٢. ڕێگا و بەربژێر: لەو پرۆسەیەدا مرۆڤ ئامانجەکەی شی دەکاتەوە و فورمولەی دەکات و بەدوای ڕێگای جۆراوجۆر و بەربژێری باشدا دەگەڕێت. کاتێک یەکێک لەو ڕێگایانە بە ئامانجی نەگەیاند بێهیوا نابێت و زوو هەوڵ دەدات ڕێگایەکی تر تاقی کاتەوە. هەبوونی هیوا زۆر گرنگە. هیوا هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی هەست و بیرە نەرێنییەکان بەتایبەت ئەوانەی لەژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی کەسانی دیکەدان. ئەو کەسانەی هیوایان هەیە، گەشبینن و لە بەرامبەر تەنگانە و ناخۆشییەکاندا خۆڕاگرتن. یەکێک لە خاڵ یا وانە گرینگەکانی ڕاهێنەر لە نێو پرۆسەی ڕاهێنەریدا دروستکردنی هیوایە لە لای فێرخواز. بۆ ئەوەش چاو لە بەشەکانی پێشووتر بکە.

## ٥،٨« پرۆسە/ ڕەوت» هەڵبژاردنی باشترین ئەزموون

ئەوە شتێکی سروشتییە لە درێژایی پرۆسە یا ڕەوتی کارێکدا مرۆڤ تووشی کۆمەڵێک ‹‹هەست›› بیێتەوە. هەستەکانی ئێمە دەتوانن هەم یارمەتیدەر و هاندەر بن و هەمیش پێچەوانەکەی. کاتێک شارەزایی، توانا و لێهاتوویی ئەوەمان هەبوو لە ڕەوتی کارەکەدا بەربەستەکان تێکشکێنین ئەو کاتە کۆمەڵێک هەستی ئەرێنی لامان دروست دەبن و بەهۆی ئەو هەستانەشەوە دەتوانین باشترین بەربژێر یان هەڵبژاردەمان هەبێت.
ئێمە مرۆڤەکان دەتوانین خاوەنی دوو شێوە هەست بین:
١) یەکەمیان، ئەو هەستانەن کە بۆ پڕوپاگەندە، خۆنیشاندان یان بۆ خاتری کەس یان کەسانی دیکە هەمانە.
٢) دووهەمیان، ئەو هەستانەن کە ڕاستەقینەن و بۆ پڕوپاگەندە نین. ڕەوتی ژیانی ئێمە مرۆڤەکان وایە کە دەبێ ڕۆژانە کەم تا زۆر لەگەڵ هێندێک هەست ڕووبەڕوو ببینەوە و ئەو هەستانەی کە زۆر ئاسایین و ڕۆژانە ڕوومان تێدەکەن وەکوو:
دڵەڕاوکێ و نیگەرانی: کاتێک تووشی ڕووداوێک یا تووشی ململانێ و نارەزایەتی دەبین و توانای ئەو ململانێیەمان نییە ئەو کات هەستی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بەرۆکمان دەگرێت.
ماندوویی و هیلاکی: کاتێک توانایی ئێمە زاڵ نەبوو بەسەر نارەزایەتی و ململانێیەکاندا ئەو کات سروشتییە هەستی ماندوویەتی و هیلاکی بکەین. ئەوانە لە کاری ڕۆژانەشماندا ڕەنگ دەدەنەوە.
ڕووداو یا پێشهات: ئەو کاتەی ڕووداو یان پێشهاتێک دێتە پێش، ئەو کاتەیە کە ئێمە هەموو توانای خۆمان وەگەڕ دەخەین بۆ ئەوەی کێشەکە یا ڕووداوکە چارەسەر بکەین یان کارێک دەکەین کە خۆمانی زۆر پێوە ماندوو بکەین. کەم کەس لە ئێمە هەیە ڕۆژانە ئەو هەستانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێدان بۆیان نەهاتبێتە پێش. بڕوانە کاریگەری هەستە ئەرێنی و نەرێنییەکان بە شێوازی هێڵکاری یا چارت بە شێوەی خوارەوە چ لە ڕەوتی کارێکدا و چ لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەماندا. هەر چەندە هەستی ئەرێنیمان زۆر بێت و کارامە بین لە کارەکانماندا، ماندوویی و هیلاکیمان کەمتر دەبێت و کەمتریش لە ئاکام یان دەرئەنجامەکان ناڕازی دەبین؛ ئەوانەش هۆکارن بۆ کەمبوونەوەی دڵەڕاوکێ و گوشاری ڕۆحی و نیگەرانی. هەستە نەرێنییەکانیش بەپێچەوانەکەی کاریگەریان هەیە. یانی کاتێک هەستی نەرێنیمان هەیە و کارامەش نین کەواتە دڵەڕاوکێ، گوشاری ڕۆحی و نیگەرانیمان زۆر دەبێت و ئەوەش هۆکار دەبێت بۆ نەگەیشتن بە ئاکام و دەرئەنجامی باش و دڵخواز.

## دیلان هەردی:

# ناوەندەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی زیاتر سەرقاڵی گرتن و ئەشکەنجەدان و کۆنترۆڵی خەڵکن تا کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێرشی دەرەکی



**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

«مۆحسێن فەخریزادە» بەرپرسی ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە و داهێنەری وەزارەتی بەرگری ڕێژیمی ئێران، کە بە چەندین نازناوی وەک: «باوکی بۆمبی ئەتۆمی ئێران، پیاوێک لە سێبەردا و یەکێک لە ٥٠٠ کەسایەتییە بەهێزەکانی جیهان» ناسرا بوو، ڕۆژی هەینی ٧ی سەرماوەز، لە ئابسەردی دەماوەند، نزیک تاران کوژرا. کوژرانی فەخریزادە بە زەربەیەکی قورس بە بەرنامەی ئەتۆمی ڕێژیمی ئێران پێناسە دەکرێت. ئەم ڕووداوە وەکوو ڕووداوەکانی پێشوو و هاوشێوەی تەقینەوەی دامەزراوەی «نەتەنز» و کوژرانی قاسم سلێمانی، لاوازیی دەزگا ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێرانی دەرخست کە ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە باشترین ئەمنییەتی جێگیر کردووە. بەدوای کوژرانی فەخریزادە بەرپرسانی ڕێژیم دروشمی تۆڵەی قورسیان هێنایەوە سەر زار و هەروەها گەڵاڵەی سنوورداریەتی پشکنینی دامەزراوە ناوکییەکان و پەرەپێدانی پیتاندنی ئورانیۆم لەلایەن مەجلیسی ڕێژیمی ئێران دەنگی پێدرا، کە بە وتەی کارناسان پەسەندکردنی ئەو گەڵاڵەیە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران بە تەواوی بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات و هاوکێشەکان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە دەبات. لەمبارەوە لەگەڵ «دیلان هەردی» نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی لە وتووێژێکدا ئەم بابەتەمان خستووەتە بەر باس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**- موحسێن فەخریزادە کێ بوو و لە بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران چ ڕۆڵێکی هەبوو؟**

هەرچەندە موحسێن فەخریزادە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەکوو زانای ناوکی ناودێر کراوە، بەڵام بە گوێرەی ژیاننامە و کار و چالاکییەکانی، زیاتر وەکوو مۆرەیەکی سوپای پاسداران چالاک بووە، نەک زانایەک کە خزمەت بە زانست دەکا. ناوبراو وەکوو کەسێکی دەستڕۆیشتوو لە نێو سوپا و لە نێو دەسەڵاتدا، بەرپرسی زۆربەی ڕێککەوتنە نهێنییەکان و کاروباری قاچاخ و کڕین و فرۆشتنی کەرەستەکانی پەیوەست بە بەرنامەی ناوکی ئێران بووە. ناوبراو لە سەرەتای شۆڕشی ئیسلامییەوە ئەندامی سوپای پاسداران بووە و پلەی بەرزی لە سوپادا هەبوو و هەموو کاروچالاکییەکانی لە چوارچێوەی پەرەپێدان بە توانای نیزامیی سوپای پاسداران و بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی بۆ کۆماری ئیسلامی بووە. ساڵی ٢٠١١ چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ناوبراویان وەکوو کەسایەتییەکی سەرەکیی لە چالاکییە گوماناوییەکانی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ناساند.

پێش ئەوەش لە ساڵی ٢٠٠٧دا لە بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وەکوو کەسێک ناوی هاتووە کە لە بواری ناوکی و مووشەکە بالستیکەکاندا چالاک بووە. لە حاڵێکدا ئەرکی کەسێکی زانا ئەو کارانە نییە، بەڵکوو لێکۆڵینەوەی زانستی و بەرهەمهێنانی زانست و خزمەتکردن بە زانستە و خاوەنی هیچ پلە و پۆستێکی سیاسی و نیزامیی نییە.

**- کۆماری ئیسلامی کەمتر لە ساڵێک چەندین زەربەی قورسی وەک کوژرانی قاسم سلێمانی و تەقاندنەوەی بەشێک لە دامەزراوەی ناوکی نەتەنز بەرکەوت؛ بە کوژرانی فەخریزادە هەتا چەندە توانایی و بەهێزبوونی دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران هاتە ژێر پرسیار؟**

لە ساڵی ٢٠١٠ـەوە تا ئێستا پێنج کەسی پەیوەندیدار بە بەرنامەی ناوکیی ئێران کراونەتە ئامانج. هەروەها لەو دواییانەش تەقینەوە و ئاگرکەوتنەوە لە هەندێک ناوەندی نیزامی و ناوکی ئێران ڕوویان دا. جگە لەوانەش، تا ئێستا نزیکەی ٤٠٠ هێرش لە سوریا و عێراق کراونەتە سەر هێزەکانی ئێران کە گرنگترینیان کوژرانی قاسم سلێمانی بوو.

لە حاڵێکدا دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات لە ناوخۆ جگە لە ئەندامە نهێنییەکانیان، کەڵک لە تۆڕێکی گەورەی وەک ڕێکخراوی بەسیج و تۆڕێکی گەورەتر کە پێکهاتووە لە گرووپەکانی سەر بە سوپای قودس لە دەرەوەی ئێرانیش وەردەگرن، کە دەیانخاتە ڕیزی گەورەترین و بەربڵاوترین دەزگا سیخوڕییەکانی جیهانەوە؛ بەڵام بەو حاڵەش دەبینین کە لە بەرامبەر هێرشەکاندا دەستەوەستانن! هەمووی ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە تۆڕی زانیاری و سیستەمی ئەمنی و بەرگری کۆماری ئیسلامی ئەوە نییە کە دەیان ساڵە بانگەشەی بۆ دەکا و بوودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکا. یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە وەدەستهێنانی زانیاری بە مۆدێلی کۆن باوی نەماوە و ناوەندەکانی زانیاری وەکوو CIA و مووساد ئێستا کەمتر کەڵک لە مرۆڤ و لە سیخوڕ وەردەگرن، بەڵکوو زیاتر پشت بە تێکنۆلۆژی دەبەستن، چونکە تێکنۆلۆژی هەم وردترە و هەم جێگەی متمانەیە. جگە لەوە، ناوەندەکانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی زیاتر سەرقاڵی گرتن و ئەشکەنجەدان و کۆنترۆڵی خەڵکن تا کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هێرشی دەرەکی.

**- کوژرانی فەخریزادە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخاتە چ دۆخێکەوە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکدایە کە بتوانێت کاردانەوەی توندی بەنیسبەت کوژرانی فەخریزادەوە هەبێت؟ ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی کە سەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵەکردنەوە دەیکەن.**

دوای کوژرانی فەخریزادە، کۆماری ئیسلامی خێرا وڵاتی ئیسرائیلی تۆمەتبار کرد و ڕایگەیاند کە لە کاتی خۆیدا وڵامی دەداتەوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی توانای وڵامدانەوەی هەبا، بۆ هێرشەکانی پێشوو و هەروەها بۆ کوژرانی قاسم سلێمانی دەیبوو، بەڵام بینیمان کە بۆ هیچکام لە هێرشەکانی ئیسرائیل وڵامی نەبووە و بۆ کوژرانی قاسم سلێمانیش فڕۆکەیەکی مەدەنی کردە ئامانج. ئەوەش لاوازیی سیستمی بەرگری و ئاسمانی ئێرانی دەرخست کە توانایی لێک جیاکردنەوەی فڕۆکەی سەربازی و فڕۆکەی مەدەنی نییە.

جگە لەوە، چەند هۆکار هەن کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وڵامی ئیسرائیل بداتەوە: یەکەم ئەوەیە کە ئیسرائیل پێویستی بە بیانوویەکە کە دەستی ئاوەڵا بێ هەندێک لە بنکە ناوکییەکانی ئێران بکاتە ئامانج و هەموو ئامادەکارییەکیشی بۆ ئەوە کردووە.

کۆماری ئیسلامیش دەرکی بەوە کردووە و دەزانێ لە ئەگەری هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل، بنکە ناوکییەکانی دەکرێنە ئامانج و سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی ئێرانیش هێندە بەهێز نییە کە بتوانێ بەردەوام ئاسمانی ئێران بپارێزێ. بۆیە هەوڵ دەدا زیاتر لە ڕێگەی گرووپە میلیشیاییەکانی وەکوو حیزبوڵڵا و حەماس گوشار بخاتە سەر ئیسرائیل، کە ئەوەش ئێستا بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکاوە تووشی کێشە بووە. چونکە کۆماری ئیسلامی چیتر وەکوو پێشوو توانایی یارمەتیدانی ماڵی ئەو گرووپانەی نییە. دووهەم هۆکاری وڵام نەدانەوەی ئێران بە ئیسرائیل ئەوەیە کە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٤ـەوە بە شێوەی نهێنی خاوەنی چەکی ناوکییە. لە لایەکەوە، ئیسرائیل پەیماننامەی بڵاونەبوونەوەی چەکە ناوکییەکان (NPT)ی واژوو نەکردوە، لە لایەکی دیکەوە، بەرپرسانی ئیسرائیل ناڕاستەوخۆ بەردەوام ڕایانگەیاندووە کە کەڵک لە هەر ئامرازێک بۆ بەرگری لە خۆیان وەردەگرن، بە تایبەت ئەگەر ئێران هێرشیان بکاتە سەر.

بەو هۆیەوە کۆماری ئیسلامی لەو ڕووەوە بەردەوام ترسی لە ئیسرائیل هەیە.

هۆکاری سێهەمی وڵام نەدانەوەی ئێران ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکدا نییە کە بتوانێ وڵامی ئیسرائیل بداتەوە. چونکە لەوانەیە بە هەر وڵامدانەوەیەک بکەوێتە نێو شەڕێک کە هاتنە دەر لێی زەحمەت بێ.

کۆماری ئیسلامی نە لە ڕووی سەربازییەوە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی لە جیهان و لە ناوچەکە هەیە، نە لە ڕووی ئابوورییەوە، چونکە ئێستا لە خراپترین دۆخی ئابووری ٤١ ساڵی ڕابردووی خۆیدایە.

ئەگەر سەرنج بدەین، کوژرانی ناوبراو ڕێک لە کاتێکدایە کە تەنیا مانگ و نیوێک ماوە دەسەڵاتی کۆشکی سپی ڕادەستی جۆ بایدن بکرێ. هەروەها چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە کۆشکی سپی دۆناڵد ترامپ لەسەر چەندی و چۆنیی بۆردومانی بنکە ناوکییەکانی ئێران ڕاوێژی بە هەندێک لە کاربەدەستانی حکوومەتەکەی کردبوو. ئیسرائیل دەیهەوێ دۆخێک دروست بکات کە کۆماری ئیسلامی زیاتر ڕێککەوتنی ئەتۆمی پێشێل بکا و لە بەرامبەردا حکوومەتی داهاتووی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی نێو ڕێککەوتنەکە ناچار بن لە دژی ئێران هەڵوێست بگرن، یان دیوارێک لە پشتی جۆ بایدن دروست بکا کە نەتوانێ بگەڕێتەوە نێو ڕێککەوتنەکە.







**- کوژرانی فەخریزادە چ کاریگەرییەک لەسەر پێوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئامریکا دوای هاتنە سەرکاری جۆ بایدن دادەنێت؟**

کوژرانی فەخریزادە ئەگەر لە لایەن ئیسرائیلەوە بێ، هەر خۆی بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لە سەر پەیوەندی ئێران و حکوومەتی داهاتووی ئەمریکا ئەنجام دراوە. ئیسرائیل دەیهەوێ بابەتی بەرنامەی ناوکیی ئێران بەو ئاراستەیەدا ببات کە خۆی دەیهەوێ.

**- ئایا پەسەندکردنی گەڵاڵەی سنوورداریەتی پشکنینی دامەزراوە ناوکییەکان و پەرەپێدانی پیتاندنی ئورانیۆم لەلایەن مەجلیس ئێران لە ژێر کاریگەری کوژرانی فەخریزادەدا بووە؟ و لە ئەگەری پەسەندکردنی یەکجاری ئەو گەڵاڵەیە، بەرجام چی لێ بەسەر دێت؟**

لە وڵامی بەشی یەکەمی پرسیارەکەدا، بەڵێ بە دڵنیاییەوە لە ژێر کاریگەریی کوژرانی ناوبراو بووە، چونکە هەر جارێک کە ڕووداوێکی لەو شێوەیە ڕوو دەدا، مەجلیسی ئێران کە زیاتر نوێنەرایەتی دەسەڵات دەکا تا نوێنەرایەتی خەڵکی ئێران، خێرا گەڵاڵەیەک پەسند دەکا تا ڕوو لە دونیای دەرەوە نیشان بدا کە ئەوە ڕای خەڵکی ئێرانە.

هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەیهەوێ وڵامێکی ئەو هێرشەی دابێتەوە تا لانیکەم لایەنگرانی خۆی قانع بکا.

لە وڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەدا، ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە پەسند بکرێ، بە پێی دەستوور یان یاسای بنەڕەتیی ئێران، حکوومەتی ڕووحانی ناچارە جێبەجێی بکا، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا هیچکام لە پرسە سەرەکییەکانی وڵات بە پێی یاسا و دەستوور بەڕێوە ناچن، بەڵکوو قسەی وەلی فەقیهە کە هەموو شتێک دیاری دەکا.

لە ئێران دوو باڵی سەرەکی توندڕەو و میانەڕەو هەن کە لەسەر هەندێک پرس ناکۆکن. لە لایەکەوە، بە کوژرانی فەخریزادە ئەگەری ئەوە هەیە باڵی توندڕەو وەک هەمیشە بیانوویان بکەوێتە دەست کە حکوومەتی ڕووحانی ناچار بکەن مل بۆ خواستەکانی ئەوان بدا کە زۆر متمانەیان بە بەرجام نەبێ و پیتاندنی ئۆرانیۆم زیاتر بکەن.

لە لایەکی دیکەوە، باڵی میانەڕەو کە حکوومەتیان لە دەستدایە دەیانهەوێ بە مانەوە لە بەرجام کارێک بکەن حکوومەتی داهاتووی ئەمریکا بگەڕێتەوە نێو ڕێککەوتنەکە.

هەر بۆیەش پەسند کردنی ئەو گەڵاڵەیە لە لایەن حکوومەتی ڕووحانییەوە ڕەت کرایەوە و ڕاگەیەندرا کە بڕیاردان لەسەر بەرنامەی ناوکی لە دەرەوەی ئەرکەکانی مەجلیسە بەڵام بە گشتی تەنانەت ئەگەر ئەو گەڵاڵەیە پەسندیش بکرێ، پرسی بەرنامەی ناوکی ئێران لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدایە و لە داهاتووشدا تەنیا خامنەییە کە بڕیاری کۆتایی دەدا.

ئەگەر لە داهاتوودا کۆماری ئیسلامی ناچار بێ لەگەڵ حکوومەتی داهاتووی ئەمریکا دابنیشێ، دەستی سەرکۆماری ئەمریکا پڕترە لە دەستی سەرکۆماری ئێران، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین کارتەکان هەموو لە دەست «جۆ بایدن»دان، چونکە بە پێچەوانەی گفتوگۆکانی پێش ساڵی ٢٠١٥، لە ئەگەری هەر گفتوگۆیەک لە داهاتوودا، حکوومەتی ئەمریکا لەگەڵ ئێرانێک ڕووبەڕوویە کە گەمارۆکان بە تەواوی پشتییان لە عەرز داوە.



# بۆ بیست و شەش

## «چریکی پیر »

خۆر هەڵدێ،
بیست‌وشەشە و شەوی ڕەش یەخەی ئاسمانی نیشتمان بەر دەدا
قەتڵگای دوژمن،
قفلی لێ دەدرێ و دەستی ئەهریمەن لەسەر زەویی خوداوەندی جوانی و ئازادی بە
کێردێک لە ئیرادەی گەل دەبڕدرێتەوە .
بیست‌وشەشە و
فریشتەکانی عەرشی خودا پەیامی مەرگ بەسەر شەیتانی عەبا بەسەردا دەڕژێنێ
ئیتر هیچ خەندەیەک جوانەمەرگ نابێ
هیچ داهاتوویەک ملی لە پەتی زوڵم ناکات و
دارهەنارەکانی سەرزەمینی شاهۆ ئیتر هیچ ئاگرێک نایگرێتە باوەش.
بیست‌وشەشە و
قافڵەی شەهیدان دەسرۆکەی نەمری ڕادەوەشێنن و
هیچ قەڵەمێک شێعرەکەی لەبەر نابا، ئەستێرەکان چیتر سەر ناسپێرن بە سێدارە،
هیچ کاتژمێرێک کاتەکانی بەرەو مردن ڕەوانە ناکا،
ئەمە لەدایکبوونی  مێژوویەکە،
منداڵە هەتیوەکان تێر و شەقامە بۆن گرتووەکان پاکیزە
گۆرەپانی تیرۆر و تاریکی
بە چەخماخەیەک لە سۆزی دایکان و باوکان،
گڕ تێبەردەدا و شۆقێک لەسەر مەشخەڵی ڕزگاری و ئازادیدا داگیرسێنێ،
ڕێگا و شوێنی سەربەستی دەپێوێ،
بناغەی ئیستعمار دەڕووخێنێ،
تێلدڕووی بەندیخانان دەکاتە گوڵستان،
لاو لاوێک لە بەهاری ڕزگاری بە سەرتاپای حوکمی تیربارانەکان و داری سێدارەدا هەڵدەچێ،
کاتژمێر ئیتر لە ژماردنی ڕۆژی ڕەش و وەرزە سڕەکانی نیشتمان دەست هەڵدەگرێ،
بیست‌وشەشە و
لە هەر ژمارەیەک ملیۆنان ناوی شەهید دەنووسرێ .
بیست‌وشەشە و
بەڵێن وایە چیتر مێردی ژنان و دەستگیرانی کچان، بە لەشی خوێناوییەوە سروودی ڕۆیشتن
نەخوێنن،
بەڵێن وایە، فریشتەی مەرگ چیتر یەخەی کۆرپەی سەر بێشکە و قورگی هیواکانی پیاوێکی
پێ لە لێوی گۆڕ نەگرێت،
سەرماوەزە و
ساردیی ئەم مانگە هەوێنی ڕەقهەڵاتی ستەمی پێست ئەستووری لینگ درێژە
فەرزادەکان قەسیدە درێژەکانیان دەکەنە بەر منداڵانی لەدایکبوو،
سانعەکان و شیرنەکان لە مەرگ هەڵدەگەڕێنەوە و بە پەیکەرێک لە ئومێد و جوانی وەڵامی
ناعەداڵەتی و زوڵمی سوێری دادگاکانی شەیتان و وەچەکانی دەدەنەوە
بیست‌وشەشە،
درکی خەیانەت و نەفرەت لە قاچمان دەردەهێنین و قەڵەمێک لە قەڵەمەکانی دوکتور و
دەفتەرێک لە دار و گەڵا سووتاوەکانی ڕۆژهەڵاتم بدەنێ با ناوی هەر شەهیدێک بە پانتایی
جوغرافیای بە خوێن شۆراوم  بنووسم،
هەزاران ساڵە بە خوێنی من
کاسەی شۆرباویان پڕ دەکەن و ئێسکەکانی منن لە مابەینی دانە ژەهراوییەکانیان دێت و
دەچێ،
بیست‌وشەشە و
من لە ئەهلی ناحەقی ئەم ناوەڕاستی درۆ پێداهەڵگراوە بێزارم
بیست‌وشەشە و
من ئەرخەیانم شۆڕش سەرکوت دەکرێ بەڵام نامرێ،
شۆڕش بریندار دەکرێ بەڵام دەستی مردن بۆ سەری کورتە،
دە تێبگە دە تێبگە نەیار،
وەرە  دەرێ و چیتر لە حەمامی نەفامیدا مێشکت مەشۆ،
چیتر وادەی هەڵخەڵەتاندنی دەریا بە وشکانی مەدە
کە ئیتر بیست‌وشەشە و چاوەڕوانی سۆنامی بکە.

# ئەمڕۆ ڕۆژیەتی

## «چریکی پیر »

لە ژێری داری مێژوو،
لە بن سێبەری ستەم و نەهامەتی،
لە کەنار ڕووبارێکی ماندوو
ناوێک لەدایک دەبێت،
ئەندێشەیەک بەر دەگرێت،
تۆڵەیەک قاچ دەگرێت،
لە سەر و ڕووی بیست‌ویەک تیشکی خۆر دەدرەوشێتەوە و
ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش دەهەژێنێ
سازی ناسازان کۆک دەکا،
شاخی ویشک دەژێنێتەوە
ئێوارەی نیشتمان چیتر غەریب نییە و
میوانە بێ چاو و ڕووەکانی ئەم وڵاتە پێڵاوەکانیان لێ ون دەبێت
ڕۆژ ڕۆژی ئەی ڕەقیبە،
ئەو ڕەقیبانەی پۆتینەکانیان بە خوێنی لاوانی ئەم نیشتمانە بۆیاخ دەکەن و
سەر و ڕوویان بە کانییە دڵتەنگە ناڕازییەکان دەشۆنەوە
ئەمڕۆ ڕۆژیەتی
ئەی کانییە دڵتەنگەکانی وڵاتی خۆر
ئەمڕۆ ڕۆژیەتی
ببنە ئەسید،
ببنە ئازار،
ببنە ئاگر
سەر و چاوی ئەو مەستە بێ خەبەرانە بسووتێنن،
تیماریان لێ ون بکەن،
ببنە دەریا و کەشتیی جەهل و نەفامی غەرق بکەن،
ئەمڕۆ بیست‌وشەشی سەرماوەزە،
کۆتایی پاییزە،
کۆتایی هەڵوەرین و
کۆتایی مەرگ
لێیگەڕێ پاییز لێیگەڕێ
با سەرماکەی زستان ئازارەکانی مێژووی ژەهراویم سڕ بکات،
با ناوی پێشمەرگە گەڵا کوژراوەکان زیندوو بکاتەوە و
لە ئەمڕۆوە نەمامی وەرزێک بچێنێ کە گەڵاکان تێیدا نامرن،
باڵندەکان کۆچ ناکەن،
شیوەنی باخچە شەهیدەکان جێی بدا بە شایی و پەپوولەکان چیتر گرفتاری ئاگر و شۆق نەبن،
ئەمڕۆ بیست‌وشەشی سەرماوەزە،
ناوێک لەدایک دەبێت
جەوهەری پێنووسی دوژمن ناوێری بینووسێت
گوێی کەڕی داگیرکەرانی ڕووناکی ناوێرێ بیبیسێت
چاوی کوێری جەلادانی ئازادی تاقەتی بینینیانی نییە
دەستی زاڵمانیش بوێریی دەستلێدان لە ئەو ناوەی نییە
دەبا هەر لەسەر مینبەرە شەیتانییەکانیانەوە هاواری درۆ و بەڵێنیی پووچ بدەن،
دەبا هەر بڵێن، ڕەشی دەپۆشینە لاشەی ڕووناکی،
دە ئاخر ئەی تۆوی ئەهریمەن پێت دەڵێم کێ توانیویەتی ڕووخساری خۆر بۆ هەمیشە ون
بکات،
کێ توانی ئەستێرەکان زنجیر بکات
ئەم توونێلانە گەلی من ناترسێنێت،
دەبا بزانی،
ئازادی لەناو زیندانەکاندا لەدایک دەبێت
سەربەستی لەسەر سێدارە پێ هەڵدەگرێ
سەرفیرازی و سەربڵیندی لە مەرگ دروست دەبێ
ڕۆژێک شەقامەکانی ئەم نیشتمانە
پڕ دەبن لە هاواری چیتر نامانهەوێ کۆیلە بین،
وەک چۆن هەڵۆ ترسی نییە لە ساچمەی ڕاوچی ئاوا بەسەر فیشەکەکاندا سەر دەکەون،
بیست‌وشەشی سەرماوەزە و
نیشتمان پڕیەتی لە ناوی پیرۆز،
دار و دەوەن و شاخ،
ئاسمان و هەور و باران
یەک پارچە سڵاو دەنێرن،
دەڵێن
ئەی موقەدەسترین ڕۆژی کوردان،
ئەی تینووترین ڕۆژ لەناو جەرگەی ڕەمزانی جاهیلان،
بەخێر بێیت،
ئەمە ڕۆژی عەشقە و
سروودە و
هەموان بە تێکڕا ئۆرکێسترایەکی خودایی دەژەنن،
بیست‌وشەشی سەرماوەزە و
ناوێک لەدایک دەبێت،
ئاڵایەک ڕەنگ دەگرێت،
نەتەوەیەک دەناسرێت،
ڕووناکی پەلوپۆی شێعری هەموو شاعیرانی نیشتمان دەگرێت.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 788 · 5 Desember 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی سەرماوەزی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

**ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.**

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلیم» هەروەها ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خەزەڵوەر، هێزە ئەمنییەتییەکان هاووڵاتییەکی کوردیان بە ناوی «زاهیر پەس و پیش (جوڵا)» کوڕی موراد خەڵکی گوندی «چیانە»ی شاری پیرانشار، دەسبەسەر و بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری ورمێ، کرد.
هەر لەو پەیوەندییەدا، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بە ناوی «هاشم موڕادی» خەڵکی گوندی «شێناوێ»ی شاری پیرانشار، پاش بانگهێشتکردنی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە، دەسبەسەر کراوە.
ڕۆژی شەممە ١ی سەرماوەز، چالاکێکی ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی «سابیر قادری» خەڵکی شاری دێولان، بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکەی دەسبەسەر کرا و بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سنە، ڕاگوێزرا.
ڕۆژی شەممە ١ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «واحید عەباس‌زادە» تەمەن ٣٥ ساڵ کوڕی عوسمان خەڵکی گوندی «کەوپێچی خواروو» سەر بە شاری بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی دووشەممە ٣ی سەرماوەز، چالاکێکی فەرهەنگی بە ناوی «ئانیسا جەعفەری مێهر» تەمەن ٢٧ ساڵ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە شاری شاباد سەر بە پارێزگای کرماشان دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ڕۆژی دووشەممە ٣ی سەرماوەز، داریووش موڕادی، چالاکی فەرهەنگیی کورد خەڵکی شاری شاباد سەر بە پارێزگای کرماشان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی چوارشەممە ٥ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ڕەحمان ڕەسووڵی» کوڕی ڕەحیم، تەمەن ٤٥ ساڵ خەڵکی گوندی «بڵەسەن»ی شاری بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
پەیوەندییە گشتییەکانی قەرارگای «سەیدولشوهەدا»ی هێزە زەوینییەکانی سپای پاسداران، باسی لە دەسبەسەرکردنی سێ هاووڵاتی بە بیانووی ئەندامبوون لە حیزبەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران لە پارێزگای ورمێ، کردووە.
ڕۆژی یەکشەممە ٩ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «وەلی قەڵوەزی» خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگوێزرا.
خاوەن دووکانێک لە یەکێک لە پاساژەکانی کرماشان کە لە ژنان وەکوو مانکەنی زیندوو کەڵکی وەرگرتبوو، لە سەر بڕیاری دادستانیی ئەو شارە دەسبەسەر و دووکانەکەی پلۆمپ کرا.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ڕۆژی دووشەممە ٣ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی «ئەحمەد محەممەدی» تەمەن ٥١ ساڵ لەلایەن دادگای شاری سەقزەوە بانگهێشت کرا.

### ڕەتکردنەوەی دادگایی کردنی دووبارە:

ڕۆژی شەممە ١ی سەرماوەز، لقی ١١ی دیوانی باڵای وڵات؛ ئیعادەی دادرەسیی کامران ساختمانگەر، چالاکی کرێکاریی کورد، خەڵکی سنەی ڕەت کردەوە.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئامانج کاروانچی» تەمەن ٢٨ ساڵ کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی شاری سەردەشت، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.
چەنگیز قەدەمخێر، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی شاری کامیاران، لە زیندانی مەسجێد سلێمانی خووزستان، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەهواز ڕاگوێزرا.

### کەمکردنەوە و پێدانی حوکمی زیندان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «زەینەب ئیسماعیلی» لە ئەندامانی دایکانی ئاشتیی کوردستان خەڵکی شاری دێولان، بە شێوەی غیابی لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی سنە، بە ٦ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لقی ١ی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە سەرۆکایەتی دادوەر «سەعیدی» هاووڵاتییەکی کوردی بە ناوی «خالید زەمانی» خەڵکی شاری کامیارانی بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعلیقی مەحکووم کرد.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «نائیب (مەسعوود) حاجی‌پوور» خەڵکی ورمێ، لەلایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.
لقی ١ی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە سەرۆکایەتی دادوەر «سەعیدی» چالاکێکی مەدەنیی کوردی بە ناوی «فەرزاد حوسێنی» تەمەن ٣١ ساڵ خەڵکی گوندی «دێوەزناو» و دانیشتووی شاری کامیاران، بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعلیقی و ٥ مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ئەندامێکی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بە ناوی «ئامانج نیک‌پەی» کوڕی خالید خەڵکی گوندی «نێ»، لەلایەن دادگای ئینقلابی مەریوان بە ٢ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.
چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «کامران قاسمی، ئومید سەعیدی، عەبدولعەزیز محەممەدپوور و کەیوان ڕەشۆزادە» خەڵکی شارەکی «ئیسلامئاوا»ی ورمێ، لە لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە زیندان مەحکووم کران.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خیرەت پەروازە» تەمەن ٣٠ ساڵ کوڕی ڕەحمان خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرا.
حوکمی ٦ ساڵ زیندانی تەعزیری «زەینەب ئیسماعیلی» لە ئەندامانی دایکانی ئاشتی کوردستان و خەڵکی شاری دێولان پاش سکاڵانامەکەی، لە لقی ١ی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بۆ ساڵێک زیندانی تەعلیقی کەم کرایەوە.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی سێشەممە ٤ی سەرماوەز، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «داریووش وەلدبەیگی» تەمەن ٣١ ساڵ خەڵکی گوندی «نۆریاو» و دانیشتووی شاری پاوە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری نەوسوود پێکرا.
ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٥ی سەرماوەز، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕەزا یووسفی» خەڵکی گوندی «کۆرەرەی نسار» سەر بە شاری کامیاران، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەوسوود، پێکرا.
ڕۆژی یەکشەممە ٩ی سەرماوەز، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئایهان خودایی» تەمەن ٢٢ ساڵ کوڕی جەماڵ خەڵکی گوندی «کوران»ی ناوچەی سۆما و برادۆستی ورمێ، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارە پێکرا.
ڕۆژی دووشەممە ١٠ی سەرماوەز، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «شیروان مووساپەنا» خەڵکی «نەڵاس»ی سەردەشت، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری ئەو شارە بریندار کرا.
لە هەمان ڕۆژدا، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی «خزر ڕەسووڵی» خەڵکی شاری بانە، لە ئەنجامی ڕاوەدوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «نەنۆڕ»ی ئەو شارە، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی، بریندار بوو.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی شەممە ١ی سەرماوەز، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، لە ناوچەی «هەوارە ئێسک» خاڵی سنووریی ئێران و عێراق، هاووڵاتییەک بە سەختی بریندار بوو.
هەمان ڕۆژ «عەزیز ڕوونما» تەمەن ٤٢ ساڵ خەڵکی گوندی «پۆلێ» سەر بە شاری شنۆ، کە بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار ببوو، بەهۆی قورسی برینەکانییەوە، گیانی لەدەست دا.

### گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی سەرماوەز، کرێکارێکی کورد بە ناوی «محەممەد عەزیزی» کوڕی ڕەشید تەمەن ٦٣ ساڵ، بەهۆی ڕووداوی کار لە شاری پاوە، گیانی لەدەست دا.

### خۆکوژی:

ڕۆژی ١ی سەرماوەز بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەدانی کچێک لەلایەن باوکییەوە خۆی کوشت. شوناسی ئەو کچە «ڕۆژین خدری» تەمەن ١٧ ساڵ، کچی ڕەحیم خەڵکی گوندی «گۆزەڕەش»ی شاری سەڵماس، ڕاگەیەندراوە.
ماوەی ١٠ ڕۆژ پێش، ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «لەیلا فەرهادی» تەمەن ٣٨ ساڵ کچی کەریم، هەوڵی خۆسووتاندنی دابوو کە بەداخەوە پاش ١٠ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.



